نوێکاری ماموستا ناصری سوبحانی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

لەزانستی فەرموودا

تویژینەوەی
دکتۆر محمود زمنەکویی

ماموّستا لە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان
هەولێر

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

نوێکاری

مامۆستا ناصری سوبحانی

لە زانستی فەرمودەدا

نوێکاری
مامۆستا ناصری سوبحانی
لە زانستی فەرمودەدا

تۆێژینەوەی
دکتۆر محمود زمناکۆیی
بڵاوکردنەوەی
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە
نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ
زریان شەمکانی
خەت
نەوزاد کۆیی
قەبارە
١٤× ٢١ - (٩٦) لاپەڕە
نۆرە و ساڵی چاپ
یەکەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٥
تیراژ
١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی (٧٣٨) ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە

هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ تۆێژەر
Copyright©Tafseer Publishing

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice



نوێکاری

مامۆستا ناصری سوبحانی

لە زانستی فەرمودەدا

تۆژینەوەی

دکتۆر محمود زمناکۆیی

مامۆستا لە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان - هەولێر

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێشەکی تۆژینەوە

بەناوی خوای گەورە، سەڵات و سەلام بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری خۆشەویست و یار و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی.

هەر خوێنەرێکی بە وێژدان چاوی خشاندبێ بە بەرهەمەکانی (سوبحانی)، یاخود گوێبیستی کاسێتەکانی بووبێ، ئەو ڕاستیەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو زانا هەڵکەوتووە، چ ڕۆڵێکی گەورەی دیوە لە نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی و سەرجەم زانستە ئیسلامییەکاندا.

لێکۆڵینەوەی بیر و بۆچوونە تازەکانی، ئەوەندە قوڵن کە (بە بۆچوونی من) پێویستمان بە چارەکە سەدەیەکە، تا بە وردی لێی تێبگەین، پاشان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، هەوڵێکی لەم جۆرە پێویستی بە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە هەیە، تا ئەرکی (کۆکردنەوە، جیاکردنەوە، لێکۆڵینەوە) لە

بەرهەمە یەکجار زۆرەکانی (ناصری سوبحانی)دا لە ئەستۆ بگرێت. بەتایبەت شاکارە ناوازەکەی، بە ناوی (رسالة في علوم الحديث) کە بۆ سەرۆکی سەنتەری مەوسوعەی سوننەت و سیرەت، جەنابی (د.قەرزاوی) ناردووە وەک خۆی لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەی پێ دەکات، سەبارەت بە زۆر بابەتی فەرمودەناسی قسەی نوێ و جدی کردووە، بە جورئەتەوە ڕاو بۆچوونەکان - بە پشت بەستن بە قورئان - خستووەتە ڕوو، پاشان لە کۆتاییدا بە ڕێزەوە داوا دەکات گرنگی بە پەیامەکەی بدرێت و پشت گوێ نەخرێت و دەڵێ: بەڵام بەندە ئەوەی لەسەرم بوو جێبەجێم کرد، ئێوەی ڕێزداریش ئومێد وایە ڕووی تێ بکەن و قەبوڵی کەن و، نیشانەی ئەمەش ئەوەیە: ڕووبەڕووی ئەو کارە مەزنە نەبێتەوە مەگەر دەستەیەک لە زانا گەورەکانی ڕاڤەکاران و فەرمودەناسان و میژوونасان و بانگخوازان و شەرعناسان نەبێ[1].

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بەشێك لە (نوێکاری لە زانستی فەرمودە) لە دیدی مامۆستا (ناصری سوبحانی)دا. بێگومان ئەم بابەتە توێژینەوەی زیاتریش هەڵدەگرێت، تەنها ئەوەندە بەس نیە.

پێش ئەوەی بچینە قوڵایی ئەم باسەوە، دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە: سوبحانی - بەڕەحمەت بێ - هەر لەمێژ بوو دەرکی ئەو ڕاستییەی کردبوو، کە قورئان چەق (میحوەر) و سەنتەری ژیانە (ژیانی مرۆیی) بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە.

---

(١) رسالة في علوم الحدەث: ناصر سبحاني: مؤسسة (برهم) لنشر مناجات سبحاني، الطبعة الأولى، عام١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧م : ل٦٥-٦٦.

لە بنەڕەتدا ئەم بابەتە لە کۆنفڕاسی زانستی ناصری سوبحانی کە ڕۆژانی (٢٨-٢٩ / ٣ / ٢٠١٥) لە هۆڵی تەلار لە سلێمانی پێشکەش کرا.

بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەران بە لێهاتویی زانایەکی هەڵکەوتوی کوردستانی ڕۆژهەڵات و خزمەتکردنی بە کەلتوری فراوانی فیکری ئیسلامی، بە تایبەت لە بواڕێکی گرنگ و هەستیاری وەک (فەرمودەناسی)، پێم خۆش بوو لە دوو تۆیی نامیلکەیەکدا بڵاوی کەینەوە، ئومێدەوارم (خوای مەزن) لێمان قبوڵ بکات، و پاشان ببێتە جێگای ڕەزامەندی خوێنەران.

دکتۆر محمود زمناکۆیی
مامۆستا لە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان / هەولێر

مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٦٩٢٥٧
ئیمەیل: dr.zmnakoy@yahoo.com

١٦/ محرم/ ١٤٣٧ کۆچی
٢٩/ ١٠/ ٢٠١٥ زایینی

١

قورئان سەنتەری خوێندنەوەی سوبحانی

سوبحانی بە چاوی قورئان دەڕوانێتە گشت ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ، وەک (فیکر، جیهانبینی و تەسەور، زانست، مێژو، یاسا، ئەخلاق....هتد).

هەر بەو چاوە دەیڕوانییە فەرمودە و زانستەکانی فەرمودە و خودی قورئانیش، چونکە ئەو لە هەناوی قورئاندا، پێوەرەکانی تێگەشتنی قورئانی بەرهەم دەهێنا، تەنانەت کاتێک بۆ تێگەشتنی قورئان پێوەر دادەنێت، تەنها یەکجار چونە دەرەوەی لە قورئان بە پێویست دەزانێ و، یەک خاڵ دەکاتە پێوەر، ئەویش: زانینی زمانی عەربی و ڕیشەی وشەکانی قورئانە[1].

---

(١) پاش باس کردنی پێشەکییەک دەڵێ: پاشان تەئەمول لە مەعانی موفرەداتدا بە تەحقیق لە کوتوبی لوغەتی موعتەبەردا، تەئەمول لە نەزمی جوملەبەندی و لە تەرکیباتدا، تەئەمول لە سیاقی ئەو مەجموعە ئایاتە، کە خەریکە سەیری دەکات، لە هەمووی موهیمتر، ناسینی میحوەری ئایاتی ئەو سورەتە. بانگەواز وقۆناغەکانی بانگەوازکردن: ناصر سوبحانی: چاپی یەکەم،

زانستەکانی وەك هۆیەکانی دابەزینی قورئان (أسباب النزول) و زانستی فەرمودەناسی (مصطلح الحديث)...هتد. هەر لە قورئاندا دەردەهێنیت.

دواتر ئەم ڕاستییە زیاتر ڕوونتر دەبێتەوە لە دوو توێژینەوەیەدا.

بۆیە لەم سۆنگەیەوە، گەر بمانەوێ نازناو و پێناسەیەك بۆ سوبحانی دابنێین، دەتوانین بڵێین: بەشایستەوە نازناوی (پیاوی قورئان) شایەنێتی.

لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێم: هاوڕا نیم لەگەڵ ئەو بۆچونەی، کە دەڵێ: "لای مامۆستا ناصری سوبحانی ئەوەندەی من لێی تێگەشتبم بۆ ئەوەی لە هەموو ڕاڤەکردن و تەفسیرکردنی قورئان تێبگەین پێویستمان بە چوونە دەرەوەیەك لە قورئان هەیە، کە ئەو چوونە دەرەوەش چوونە بۆ نێو ژیانی پێغەمبەری خودا" [1].

چونکە ئەم بۆچونە لەگەڵ دەقی وتەکانی سوبحانی یەکناگرێتەوە، کە لەم چەند خاڵەدا ڕوون دەبێتەوە:

یەکەم:

مامۆستا ناصر لە میانەی باسکردنی پێگەی سوونەت و ڕاستکردنەوەی ڕاڤەی ئایەتی (لتبين ما نزل اليهم) دەڵێ: "ئەم ئایەتە فەهم کراوە کە (لتبين ما نزل اليهم) یەعنی ئەوەی کە (ما نزل)ـە کە خۆی (ابهام واجمال) و ناڕوونی تێدایە و ئەبێ ئینسان

سالّی ٢٠١٢ز: ل١١٤، بنواڕه: الولاية والامامة: ناصر سبحاني، مؤسسة برهم، الطبعة الأولى، ٢٠٠٧م: ١٣٩- ١٤٠.

(١) دواییەکان: تەحسین حمە غەریب، چاپی یاد، سالّی٢٠٠٧ز: ل٨٣.

(توقف) ڕاوەستانێك بكات لە (فهم)یدا، تا بڕوات بزانێت حەدیس چی ئەڵێت!! لە حاڵێكدا تەبیین ئەوەڵ مەعنای یەعنی (تبلیغ).....مەگەر ئەم كیتابە (نور) نیە، مەگەر (سراج منیر) نیە، مەگەر (هادی) نیە، یەعنی چی لە فەهمی مەعنای (ألفاظ) یا ئەبی گیر كەین، تا ڕوایەتێكمان دەست بكەوێ، وە لەو لایشەوە چەنێك لە قورئان مەكیە و ئەحادیسمان هەن، كە مەدەنیین جا كە وابێ لە هەر كوێیا ئەحادیس نەبوون ئیتر پەكمان بكەوێ"[1].

دووەم:

دەربارەی ئەوەی كە سوونەت جیاواز نیە لە قورئان، بەڵكو سوننەت ڕووە كردارێكەی (عملي) قورئانە، دەڵێ: "سوننەت دەبێ بە مانای (وسیع) تر دەركی بكەین، كە زۆرێك لە سوننەت هەر لە قورئاندایە،

---

(١) أصول الفقه: ناصر سوبحانی. دەستنوس: ل٢١. هەروەها لە جێیەكی تر دەڵێ: ریوایات زهنی پر نەكەن و نەبن بە حاكم وقازی بە سەر قورئاندا و لە فەهمی معانیدا لە ئەلفازی قورئان خۆیان (دال) ن لە سەر مەعانی خۆیان، خۆی نیازمەند بە ئیعتیماد لە سەر ئەم ریوایەت و ئەو ریوایەت نەكات، نەك لە بەر ئەمەی، كە ڕیوایەت بێ ئەهمیەتە، لە بەر ئەمەی كە قورئان قورئانە، قورئان كەلامە، كەلام دەبێت ئیستقلالی لە دەلالەت لە سەر مەفاهیمیدا بێ نیاز بێت، جا هەر كەلامێك بێ، چ بگات بە كەلامی خوا، لە فەهمی ئەصلی مانا لە قورئاندا (قورئان) موستەقیلە، لە تەفاصیل و لە تەتبیقات و شتدا ئەو كاتە سوونەت دەدرێتە پاڵی و شتانی تر مەترەح دەكرێن، ئەگەر نا لە فەهمی ئەصلی موردا قورئان موتەكی بێ لە سەر ریوایات ئیتر كە ئەوە بو بە كەلام، چ بگا بەوەی ببێ بە نور و ببێ بە بورهان و بە سیراجی مونیر. بانگەواز وقۆناغەكانی بانگەوازكردن: ناصر سوبحانی: چاپی یەكەم، ساڵی ٢٠١٢ز: ل١١٣.

تەنانەت ئەگەر ئینسان واتە: پیاوی خۆی بێت، دەبێت هەموو سوننەت و هەموو تأریخی پێغەمبەری خوا وصەحابە لە قورئان دەربهێنیت"[1].

سێیەم:

سەبارەت بەوەی قورئان هەموو شتێك، کە پێویست بێ بۆ ڕێنوێنی مرۆڤ لە خۆی گرتووە دەڵێ: "شتێ نیە لە قورئان، ئا ئەوەیە داخوازی (اقتضاء) ئەکات کە (توقف) بکات لە (استدلال) بە ئەحادیس، تا (رجوع) بکاتەوە بە قورئان، جا بەعزێ شت، زۆرێك لەوانە غەیری پێغەمبەری خوایش دەرکی ئەکەن، وە ئەمما بەعزێکی تری غەیری پێغەمبەری خوا دەرکی ناکات وەك نوێژ لە قورئاندا هەیە، کە چۆن بکرێت، بەڵام ئەگەر تەواوی موئمینەکان جەمع ببنەوە، ناتوانن ئەمە لە قورئاندا رۆشن کەنەوە، نەتیجەی ئەم باسە بوو بەمە، کە ئەم دەلیلی دووەمە (سوننەت) هەر ئەبێتەوە بە کیتاب، کە یەعنی یەك ئەگرنەوە و جیانابن"[2].

بەم وتانەی مامۆستا ناصر دەرکەوت، کە بۆ تێگەشتنی قورئان پێوستمان بە دەرچونێك نیە بۆ دەرەوەی قورئان، بەڵکو بە پێچەوانەوە لای سوبحانی بۆ تێگەشتنی گشت زانستەکان، بە تایبەت (سوننەت) پێویستیمان بە گەڕانەوەی قورئان هەیە، تەنانەت خاوەنی بۆچونەی ڕابردوو دواتر دان بەوەدا دەنێ و دەڵێ: "دیارە کە لای سوبحانی

---

(١) بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن: ل١١١. بەراوردیکە بە: أصول الفقه: ناصر سوبحانی. دەستنوس: ل٣٢.

(٢) أصول الفقه: ناصر سوبحانی.دەستنوس: ل٢٣.

قورئان سیستەمێکی یەکتر تەواوکەرە و خۆی تەواو دەکات، بەڵام پێویستمان بە سوننەتێکیش هەیە بۆ تێگەیشتن لە قورئان، یان لانی کەم بۆ تەبلیغی قورئان، چونکە بەیان لای سوبحانی لە بەرامبەر کەتمانەوەیە، کەتمانیش ئەگەر ماناکەی شاردنەوە بێت، بەرامبەرەکەی بریتیە لە گەیاندن (تبلیغ).."[1].

جا چۆن قورئان لای سوبحانی سیستەمێکی یەکتر تەواوکەرە و خۆی تەواو دەکات، لە هەمان کاتدا پێویستمان بە سوننەتێکیش هەیە بۆ تێگەیشتن لە قورئان، ئایا ئەم دوو وتەیە دژ بە یەك نین؟!!.

---

(۱) دواپینەکان: ل۸۳.

٢

لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ سێ چەمکی (آیات - کتاب - حکمة)

ئەمە یەکێکە لە داهینانە نوێ و ناوەزەکانی سوبحانی - کە دەستپێکێکی باش دەبێ بۆ تێگەشتنی ڕۆڵ و پێگەی سوننەت - کە بریتیە لە پۆلێنکردنی ئایەتەکانی قورئان بۆ سێ چەمك و بەخشینی واتاو مانایەکی نوێ بەو چەمکانە، کە زۆر جیاوازە لەوەی کە ڕاڤەکارانی قورئان لە کۆن و نوێدا باسیان کردووە، کە بەندە کەسم نەدیوە بەم جۆرە بیخاتەڕو:

سوبحانی پێی وایە قورئان لە سێ تەوەر و چەمك پێکهاتووە:

یەکەم: (آیات) مەبەست لەوە:

ئایەتەکانی (آفاق وأنفس) واتە: ئەو ئایەتانەی پەیوەستن بە گەردوون و مرۆڤەکان، کاتێك دەستەواژەی (آیات) لەگەڵ کیتاب و حیکمەت باس کرا، مانایەکی جیاواز دەبەخشێ.

دووم: (کتاب) مەبەست لەوە:

ئەو بنەما و ڕێسا و جیهانبینی و بیروباوەڕ و یاسا گەشتیانەیە، کە پێویستن بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکەکان.

سێیەم:(حکمة) مەبەست لەوەش:

تەتبیق کردنی ئەو بنەما و زابیتە گشتییانەیە[1]، یا بە دەستەواژەیەکی تر بریتە لەو ئامراز و ڕێ و شوێنانەی، کە دەگیرێنەبەر بە مەبەستی پەیڕەو کردن و جێ بەجێکردنی ئەو بنەماگشتیانە.

سوبحانی پێی وایە، کە لەفزی (کتاب) وەک چۆن بۆ تەواوی قورئان بەکار دێت، بۆ بنەما گشتیەکانی بیروباوەڕ و بەها بااڵکان بەکار دێت، گەر وشەی (حکمة) ی لەگەڵا بوو، ئەمەش لێکدانەوەیەکی نوێیە بۆ دەستەواژەی (کتاب).

سوبحانی لە ڕاڤەی ئایەتی (ویعلمهم الکتاب و الحکمة) دەڵێ: " کیتاب لێرەدا مەقصود قورئان نیە - کولی قورئان - بۆچی؟ چونکە تیلاوەتی ئایەتەکەش هەر ئەمە دەکرێ، کە لە قورئاندایە، لە بەر ئەوە حیکمەتەکەش بڕێکی هەر لە قورئاندایە، کیتاب لێرەدا شتێکە، کە حیکمەت دەبێتە ڕێگەی تەتبیقی، تیلاوەتی ئایاتەکە (یتلو علیهم آیاته) کۆمەڵێ مەسائیلی جیهانبینی دەگرێتەوە، کە لە بەڵگەکانیانەوە ڕوون دەکرێتەوە، حیکمەتیش ڕێگەی تەتبیقەکەیە لە مەیدانی عەمەلدا، بۆنمونە:... ئەصلی سیستەمی سیاسی ئەوەیە، کە

---

(١) تەفسیری سورەی (الاحزاب): ناصر سوبحانی: دەست نوس:٢٤.

خودا مەعبودە وحاکمە وئینسان جێبەجێکارو جێگر. ئەصلی سیستەمی ئیقتصادی ئەوەیە کە: خوا مالیکی حەقیقییە، ئینسان جێنشینە لە سەر (نِعَم) نیعمەتەکان. ئەصلی نیزامی ئیجتماعی ئەوەی کە: دەبێت ئوخوەی (برایەتی) ئیمانی بنەمای پەیوەندی بێت"[1].

بەم جۆرە بۆمان دەر دەکەوێ، کە سوبحانی مانا و ناوەڕۆکێکی زۆر جیاواز لەوەی، کە لای ڕاڤەکارانی قورئان بوونی هەیە بەم سێ چەمەکە دەدات، چونکە لای ئەوان: (آیات) ئایەتەکانی قورئانە و (کتاب) قورئانە و (حکمة) یش سوننەتە[2].

---

(١) بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن: ل٧٦-٧٧.

(٢) بڕوانە: تفسیر ابن کثیر:٢/ ١٥٨، تفسیر النسفي:١/ ٣٠٨.

٣

گشت حوکمەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ لە قورئاندایە

سوبحانی باوەڕی وایە، کە قورئان تەواوی حوکمی خودای لە خۆ گرتووە، بۆیە دەبینی لە چەند شوێندا بەرگری لەم بابەتە دەکات، بۆ نمونە: لە پەڕاوی (الولایة والامامة)[١] و لە (أسس التصورات والقیم)[٢] حوکمی خودا، کە لەقورئاندا هاتووە پۆلێن دەکات بۆ دوو بەش:

یەکەم: کۆمەڵە بابەتێکە

کۆمەڵە بابەتێکە، کە بەهۆیەوە تەسەوەر و بینینی مرۆڤ دەربارەی خودا وگەردون و مرۆڤ دیاری دەبێت.

سوبحانی پێی وایە لەم بەشەدا (تەسەور، بیروباوەڕ) قورئان وردو درشتی بەیان کردووە و، هیچ گۆشەیەکی بۆ هیچ کەس نەهێشتووەتەوە،

---

(١) بڕوانە: الولایة والامامة: ١٤٠.

(٢) بڕوانە: أسس التصورات والقیم: ناصر سبحاني، مؤسسة برهم، الطبعة الاولی، ٢٠٠٩م:١٠٨-١١٠.

جا بۆ مرۆڤێك بیەوێ خودا بناسێ و باوەری پێ بهێنێ و بەندایەتی بۆ بكات، تەنها ئەوەندەی بۆ ماوەتەوە، كە گوێ رادێرێ بۆ رێنمایی و بەیانی خودا[1].

دووەم: ئەحكامە جوزئیەكان و بنەما گشتیەكان.

سوبحانی ئەم جۆرە دەكاتە دوو بەشەوە:

یەكەم:

بەیانی هەندێك ئەحكامی جوزئی سنوردار، كە پەیوەندی لە نێوانیان نیە، تا لە ژێر چەند یاسایەكی گشتی جێی بكرێتەوە، بۆیە هەر یەك لە وانە بە تەنها بەیان كراون، دواجار زانا و كەسی ئاسایی لە وەرگرتنی ئەو حوكمانە یەكسانن...جا ئەم حوكمە جوزئیانە رێژەیەكی زۆری هەر لە قورئاندا ڕوون كراونەتەوە وەك ئەوانەی پەیوەستن بەنوێژ و حەج و رۆژو و نیكاح و جیابوونەوە و هتد. ئەوەش ئەمێنێتەوە قورئان ئاماژەی بۆ كردوە و پێغەمبەریش ئەم ئاماژەیەی دەرك كردووەو پاشان ڕوونیكردوەتەوە[2].

دووەم:

بەیانی كۆمەڵێك ئەحكامی بێژمار و پەیوەست بە یەك لە شێوەی یاسا و بنەمای گشتی و، هەڵێنجانی جوزئیات لەو یاسا گشتیە بەشارەزایان سپێرراوە...

---

(١) أسس التصورات والقيم:١٠٨. بڕوانە: الولاية والامامة:١٣٩- ١٤٠.

(٢) هەمان سەرچاوە: ل١٠٩. بڕوانە: الولاية والامامة: ل١٤٠.

ئەم یاسا وینەما گشتیانە لە قورئاندا چەسپاون و، بۆ یەکەم جار پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وگرۆهی زانایانی پسپۆر لە ڕەهەندە جیا جیاکانی ژیان لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەستاون بە ڕونکردنەوە و جێبەجێ کردنی، بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو ئەو گروپانەی لە دوارۆژ دێن و ڕێبازی باوەڕ و کردەوەی چاك دەگرنەبەر[1].

کورتەی ئەم باسە ئەوەیە سوبحانی باوەڕی وایە، کە حوکمی خودا بۆ هیدایەتی مرۆڤ بە هەردوو بەشەکەیەوە (تەسور و بیروباوەڕ) و (ئەحکام و بەها بااڵکان) هەموی لە قورئاندایە، بەاڵم جیاوازی ئەحکام لە تەسور لە ڕووی وەرگرتنەوەیە (تلقي)، کە سوبحانی بۆ سێ جۆر دابەشی دەکات:

یەکەم: بەشێك ڕوو لە گشت ئەو کەسانە دەکات، کە (مخاطب)ن بەئەحکامی خودا و شارەزان لە زمانی قورئان.

دووەم: بەشێك ڕوو لە پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، کە بۆ خەڵکی ڕوون دەکاتەوە.

سێیەم: بەشێك لە هەر سەردەمێك، ڕوو لە ئەهلی ئیجتهاد دەکات و ئەوان ڕوونی دەکانەوە، وەك چۆن بۆ یەکەم جار پێغەمبەر و ئەهلی ئیجتهاد لە هاوەڵانی پێی هەستان[2].

---

(١) هەمان سەرچاوە: ل١١٠. بڕوانە: الولاية والامامة: ل١٤٠.

(٢) الولاية والامامة: ل١٤٠. لەگەڵ: أسس التصورات والقيم: ل١١٠.

ئەم پۆلێنکردن و شیکردنەوەیەی سوبحانی بۆ قورئان و پێکهاتەکانی، داهێنانێکی نوێیە جەخت لە سەر ئەو پرەنسیپە دەکاتەوە، کە هەمیشە لای ئەو ئامادەیی هەیە، کە بۆ تێگەشتنی قورئان نیازمان بە هیچ شتێك نیە، جگە لە زانینی زمانی قورئان.

٤

چەمکی حیکمەت لای سوبحانی

گەر بەوردی بڕوانینە پێناسە و پۆلێنکردنی سوبحانی بۆ حیکمەت و نمونەکانی، بۆمان دەردەکەوێت، کە سوبحانی داهێنانی گەورەی لەم بوارەدا کردووە، ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە سەرچاوەی ئەم داهێنانە تەنها قورئانە.

سوبحانی لە چەندین جێدا پێناسەی حیکمەت دەکات بە جۆرێ، کە هیچ کەسم نەدیوە پێش ئەو - لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ زۆرێك لە تەفاسیر - بەو جۆرە پێناسەی بکات لەگەڵ ئەوەی موفەسیرین پێناسە و لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ ئەم چەمکە کردووە[1].

لە پێناسەی حیکمەت بە دەستەواژەی جیاواز دەڵێ:

١- (مَجْمُوعَةٌ مِنَ الاحْكَامِ التَّفْصِيْلِيَّةِ الَّتِي تَهْدِي إلى الْصَّوابِ فِي تَطْبِيقِ

---

(١) بۆ زانینی ئەو پێناسانە بڕوانە: تفسير القرطبي: تحقيق: أحمد البردوني وإبراهيم أطفيش، دار الكتب المصرية، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٦٤م:(١٣١/٢).

الْقَواعِدِ الْكُلِّيَّةِ)[١].

٢- (الطريقة الصحيحة للقيام بالتكاليف البعيدة عن الافراط والتفريط)[٢].

٣. (الطريقة الوسط في تطبيق أصول العمل الصالح)[٣].

مامۆستا ناصر لە (بانگەواز و قۆناغەکانی) بە دەستەواژەی خۆی پێناسەی حیکمەت دەکات و دەڵێ:

(الحكمة): ڕێگەی دروستی تەتبیقی ئەو ئوصوڵ و قەواعیدە و پیادەکردنیانە لە واقیعیەتی ژیاندا[٤].

گشت ئەم پێناسانە گوزارشت لە یەك ناوەرۆك دەکەن، کە بریتیە لە میکانیزمی جێبەجێ کردنی بنەما گشتیە تیۆرییەکانی (کتاب)، کە بۆ ڕێنمویی مرۆڤ لە قورئاندا بەیان کراوە.

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ناصر سبحاني، مؤسسة برهم، الطبعة الاولى، ٢٠٠٧م.ل٢١.

(٢) تەفسیری سورەی (الاحزاب).ل٢٣.

(٣) رسالة في علوم الحديث: ل ٢٤.

(٤) بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن: ل٧٧.

٥

جۆرەکانی حیکمەت لای سوبحانی

ئەم بابەتەش وەک ئەوانی دی، سوبحانی وەک نەریتی خۆی داهێنانی گەورەی تێدا کردووە لە ڕووی پۆلێنکردنەوەی چەمکی حیکمەت، هەروەها لە ڕووی نمونەکانیەوە.

ئەو، حیکمەت دەکات بە دوو بەشەوە لە دوو ڕوانگەوە: لە ڕووی ماهیەتەوە، لە ڕووی جێگیری و ناجێگیرییەوە.

یەکەم: جۆرەکانی حیکمەت لە ڕووی ماهیتەوە:

مامۆستا ناصر لەم ڕوەوە، حیکمەت دەکاتە سێ بەشەوە:

١- **حیکمەتی فەردی:** ژیانی تاکەکەسی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) (لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة).

٢- **حیکمەتی خێزانی:** ژیانی پێغەمبەر و خێزانەکانێتی.

٣- **حیکمەتی کۆمەڵایەتی:** ژیانی خۆی و سابیقینی ئەوەلینە (ئەوانەی لە سەرەتای بانگەوازەوە موسوڵمان بوون)، ژیانی جەمعی (دەستەییان) و ئیجماعیان (کۆدەنگییان) ئەوەی لە سەری ڕێک کەوتون.

پاشان دەڵێ: ئەمە مەجموعەی حیکمەتە، جا ئەمە شتێکی زۆر گرنگیشی تێدایە! بەڵێ، مەجموعەکەی حیکمەتە، حیکمەتی فەردی، ئوسەری، یا خانەوادەگی و ئیجتیماعی، کە بەپێی ئەمە ئیمامەتیش دەبێتە سێ ئیمامەت:

((١- ئیمامەتی فەردی.

٢- ئیمامەتی خانەوادەگی (خێزانی).

٣- ئیمامەتی ئیجتیماعی(کۆمەڵایەتی).))[1].

دووەم: حیکمەت لە ڕووی جێگیری و ناجێگیرییەوە.

لەم ڕوەشەوە، سوبحانی حیکمەت دەکاتە دوو بەش: جێگیر و ناجێگیر و گەشەکردوو.

١- حیکمەتی جێگیر:

بریتیە لەو ئەحکامە جوزئیانە، کە پەیوەندیان بە کۆمەڵە کردارێکەوە هەیە، کە مەسلەحەت، یا مەفسەدەی زاتیان تێدایە و لێیان جیا نابێتەوە، کەواتە ئەم ئەحکامانە جێگیرن[2].

لێرەدا سوبحانی چەندین نمونە بۆ ئەم بەشە دەهێنێتەوە و دەڵێ: لە قورئاندا سەبارەت بە بەخشین نەهی کراوە لە منەتنان و ئازاردان (المن و الاذی) و زیادەڕەوی (الاسراف) و پەرتکردن (التبذیر) و دەست

---

(١) بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن: ل٨٧.

(٢) بڕوانە: رسالة في علوم الحديث: ل٢١.

قوچاوى (التقتير) و شاردنەوەى سامان (الكنز). بێگومان ئەم كردارانە زيانەكانى زاتيە و لەگەڵيتى، كەواتە ئەو (نەهى) يانەى هاتووە حوكمەكەى چەسپاو وجێگير و هەميشەييە[١].

لە شوێنيكى تر دەڵێ: ئيرەيى (حەسەد) ڕەزيلى (بوخل) هەميشە حەڕامە، (ئيثار) هەميشە موستەحەبە وگاهێ (هەندێ جار) واجبە، (سەخا) (شەجاعەت) (صەبر) هەميشە واجبن... چونكە ئەمانە مەصالِح و مەفاسدێ، كە پەيوەندى هەيە لە گەڵياندا لزومى هەيە و لێى جيانابێتەوە... ئەحكامى ئەمانە ثابت و مەحصور (سنوردار)يشن لەبەر ئەوە ئەمانيش هەر لە قورئانيشدا بەيان كراوە[٢].

٢- حيكمەتى ناجێگير:

بريتيە لەو ئەحكامە جوزئيانەى، كە مەصلەحەت، يا مەفسەدە تێيدا زاتى نيە، بەڵكو عاريزييە وكاتيە و پاشكۆى بارودۆخ و زەمان و زەمينە، كەواتە: ئەم ئەحكامانە ناجێگير و گەشەكردووە[٣].

بۆ ئەم بەشە، سوبحانى نمونە بە بابەتێك دەهێنێتەوە ـ ڕێژەو ئەندازەى زەكات - كە بەبڕواى من - لە گەڵ ئەوەى يەكێكە لە ئيجتيهاد و داهێنانە كەم وێنەكانى سوبحانى لە فيكرى ئيسلاميدا كە جێى لێكۆڵينەوە و لەسەر وەستانى جددييە ـ لە هەمان كاتدا دەست

---

(١) رسالة في علوم الحديث:ل٢٢.

(٢) بانگەواز و قۆناغەكانى بانگەوازكردن: ل٨٠ ـ ٨١ بەدەستكارييەكى كەمەوە.

(٣) بڕوانە: رسالة في علوم الحديث: ل٢١.

بردنە بۆ بابەتێکی زۆر هەستیار، بەش بەحاڵی خۆم کەسم نەدیوە بەو جورئەتە بچێتە ناو ئەو باسەوە، کە دەیان سەدە مەعریفەیەکی کەڵەکەبووی بەدیهی فیقهی لە سەر دروست بووە، جگە لە کاك ئەحمەدی موفتی زادە نەبێ، کە هەمان بۆچونی هەیە، بەڵام بەم تۆڕینەوە قوڵ و وردە نیە، کە لای سوبحانی بوونی هەیە، جا نازانم سوبحانی ئەم بیرۆکەیەی لەو وەرگرتووە و پاشان بینای لەسەر کردووە، یاخود ئیجتیهادی سەربەخۆی خۆیەتی؟

سەرەتا بیرۆکەکەی موفتی زادە دەخەینە ڕوو پاشان بۆچونی سوبحانی سوبارەت بە (ڕێژەو ئەندازەی زەکات).

موفتی زادە لە پەراوێزەکەی لە سەر پەڕاوی (أولویات الحرکة الاسلامیة)ی دکتۆر قەرزاوی سەبارەت بە دەقە گشتیەکان و، ئەحکامە ناچێگیرەکان، نمونەیەك دەهێنێتەوە و دەڵێ: "بۆنمونە (زەکات) وەرگرە، قورئان هیچ شتێکی لە پایەکانی دیاری نەکردووە، جگە لە بنەمای گشتی، کە ئەنجامەکەی (القسط)ە واتە: ئاستی مامناوەندی بۆ گشت کەس، جا پێغەمبەرمان (صلی الله علیه وسلم) بە گوێرەی هەلو مەرجی مەککە ئەوەی جێبەجێ کرد، کە بینیمان لە بەخشینی دوو پێشەنگەکە: گەورەمان ئەبوبەکر و خاتوو خەدیجە، و بە گوێرەی بارودۆخی سەرەتاکانی سەردەمی ژیانی مەدینە، برایەتی (نێوان کۆچبەران و یاریدەران)، پاشان بە گوێرەی زیاد بوونی دانیشتوانی و جوگرافیای ئیسلامی - لەگەڵ زۆری گرفت و کەمی ئامڕاز - زەکات و نیصاب و ڕێژەی زەکات، و هەموو ئەمانە - لای بەندە - لەو

بابەتانەیە، کە حکومەت دەتوانێ بە گوێرەی بارودۆخ گۆرانکاری تێدا بکات، بەڵام بە تەتبیق کردنی ئەو دەقە گشتیانە، کە ئامانجی بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکە، کە خەزنکردنی سامان و زیادەڕەوی تێدا نەبێ، کەواتە جگە لە عەدالەت هیچ دەمێنێتەوە[1]؟

پێش ئەوەی باس لە داهێنانەکەی سوبحانی بکەم، دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە میانەی ئەم توێژینەوە ڕوون دەبێتەوە، کە سوبحانی لەم بابەتەدا - ڕێژەو ئەندازەی زەکات - بە قۆناغی جیا جیادا تێپەڕیووە تا دواجار - پاش قوڵبوونەوە و خوێندنەوەی زۆری - ئەم بۆچونەی لەلا گەڵاڵە بووە، چونکە گەر پەڕوای (سیستەمی ئابوری) یەکەی بخوێنینەوە، ئەم بۆچونەی تێدا نابینین، بەڵکو بە ڕاشکاوانە باس لە ڕێژەی زەکاتی سامانە جیاوازەکان دەکات، بەو جۆرەی لە توراسی فیقهیدا هاتووە[2].

بەڵام دواجار سەرەداوی ئەم داهێنانەم دۆزیەوە، کە خۆی - بەپێچەوانە نەریتی - لە شەرحی ئەربەعیندا دان دەنێ بە سەرچاوەی ئەم گۆڕانکارییە، لە فیکری ئەودا دەڵێ: "(محمود ابو السعود) لە پەڕاوی (الخطوط العريضة في الاقتصاد)[3] ئاماژەی بە بڕێك لەم بابەتە داوە و، هەندێك

---

(١) حواشي احمد مفتي زاده على مواضع من كتاب (أولويات الحركة الاسلامية) للدكتور يوسف القرضاوي: حاشية ٤، على صفحة ١٣٥، السطر ٧.

(٢) بڕوانە: سیستەمی ئابوری لە ئیسلامدا: ناصر سوبحانی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١م: ٢٨٢.

(٣) زۆر سۆراخی ئەم پەڕاوەم کرد و پرسیارم لە دۆست و برادەران کرد و لە ئینتەرنیتیش گەڕام، بەڵام بە داخەوە دەستم نەکەوت، هەر بەرێزێك زانیاری

لە زانایانیش - بێ ئەوەی ناویان بەرێ - ئاماژەیان بە بڕێکی تری داوە، منیش ئەم ڕایانەم کۆکردوەتەوە و هەنێك شتم بۆ زیاد کردووە"[1].

لێرەدا ڕوون نیە ئەو زانایانە کێن، کە ئاماژەیان پێدەکا، زانایانی پێشینن یان هاوچەرخ، گەر مەبەستی زانایانی هاوچەرخە، ئایا تۆ بڵێی مەبەستی بۆچونەکەی کاك ئەحمەدی موفتی زادە نەبێ؟. بەداخەوە ئەم پرسیارانە لانی کەم لای من بێ وەڵامن، ئەمەش یەك لەو ڕەخنە زانستیانەیە، کە ڕوو بەڕووی سوبحانی دەبێتەوە، کە ئاماژە بەسەرچاوە و سەرەداوی بیرو بۆچونەکانی ناکات، زۆر بە دەگمەن نەبێ، وەك ئەو ئاماژە بچوکەی، کە لێرە دەیکات.

مامۆستا ناصر دەڵێ: سەبارەت بە بابەتی زەکات کە حکومەت کۆی دەکاتەوە لە لایەن پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) باسی چەند سامانێك و دیاری کردنی (نصاب) و ڕێژەی وەرگیراو هاتووە.

بێگومان ئەم دیاریکردنانە ئەو ئامانجانە بەدی دێنن، کە بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی پەیوەست بەسامان چەسپاوە، لە بارودۆخی ئابوری، هاوشێوەی کۆمەڵگای سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم). بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستای ئێمە چۆن ئەم دیاریکردنانە توانای بەدی هێنانی ئەو ئامانجانەی هەیە؟[2]

سەبارەت بەو پەڕاوە هەیە، سوپاسگوزاری ئەبم، گەر ئاگادارم بکاتەوە.

(١) شرح الاربعين: ناصر سبحاني: محاضرات مفرغة من الأشرطة: ل:٤٩.٥٠.

(٢) رسالة في علوم الحديث: ل٢٣.

له جێیەکی تر بە نمونە ئەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: یەکێك لە قەواعیدی عامەم لە زەمینەی بەرخوردی (ڕەفتار) ئینسان لەگەڵ نیعەمدا ئەوەیە، کە: (ما زاد عن قدر الحاجة) (ئەوەی لە پێویستیت زیادە) عەفو[1] ئینفاق بکات. جا ئەم (عەفوە) ڕێگەی تەتبیق لەم زەمینەدا لە هەر زەمانێکدا بە جۆرێکە، لەو زەمانەدا کە بەیانکەری حیکمەی قورئان سەیری بارودۆخی کۆمەڵگاکەی کرد، بینی لە عەرەبستاندا لە ناو درەختەکاندا تەنها(خورما و تری) زەکاتیان پێوە تەعەلوق (پەیوەست) دەکرێ، چونکە ئەوانە دەگەنە حەدی غینا (هێڵی دەوڵەمەندی)، لە بەر ئەوە بڕێك لە درەختەکان، یان هەر نییە، یان ئەگەر هەبێ ناگاتە ئەو حەددە (کە زەکاتی لێ بدرێت لە بەر کەمی بەرهەمەکەی) لە حاڵێکدا ئەسڵە قورئانیەکەی عامەم (أخرجنا لکم من الارض).. یا لە قوت (خۆراك)ەکان چەند دانەی بەیان کردووە، یان چەند ماڵی ترو بە پێی زروفی زیندەگی (ژیانی)ئەو ڕۆژە نیصابێکی تەعین کردووە.. یا ئەوەندە وەرگیری (عوشرێك (دەیەک)، نصف عوشرێك (بیست یەک)، روبع عشرێك (چەل یەک)) ئەمانە حیکمەتی ناجێگیر (متطورة) وگەشەکردوە، کە بەداخەوە لای فوقەها بە حیکمەتی ثابت(جێگیر) تەلەقی (وەرگیراوە) کراوە، کە حیکمەتی ثابت ئینفاقی عەفوەکەیە، جا لە هەر زەمانێکا بە جۆرێ تەتبیق دەکرێ، ئێستە لەم ولاتەی ئێمە خورما نیە، ڕەنگە تری لە زۆر جێ

---

(١) مەبەستی ئایەتی: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾﴾ سورەی (البقرة) ئایەتی:٢١٩.

نەبێ بەڵکو (گوێژە، تووفەرەنگی، سێو، پرتەقاڵ، شوتی...) ئەمانە تەتبیقی ئەو ئەسڵەیان پێ دەکرێ، ئەمانە دەبن بەحیکمەتی ئەمڕۆ، هەروەها نیصاب دەبێ ئەمجارە بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵگا دابنرێ، گریمان لە چەن ساڵ لەمەو پێشدا بڕی نیصاب سێ چوار هەزار تمەن حسابمان دەکرد، نرخی زێڕ ئاوا بوو، ئیستە سێ چوار هەزار هەر عەیبە، ناوی نابرێ.. ئەمە بۆیە لە قورئانا باس نەکراوە، چونکە لە بەشی ناجێگیرە، دەسپێرێ بە حکومەتی ئیسلامی، لە کاتی خۆیدا بە پێی بارودۆخ وهەلومەج تەتبیقی بکات[1].

سوبحانی لە جێیەکی تردا مەبنا و بنەمای ئەم ئیجتهادە ڕوون دەکاتەوە ودەڵێ: وەك چۆن دانانی حوکمێك لە جێی حوکمێکی جێگیر، شەرعاندنی حوکمێکە بێ ئیزنی خودا، هەروەها بەردەوام بوون لە سەر حوکمێکی گۆڕاو - پاش گۆڕانی بارودۆخی پەیوەست بەو حوکمە - داهێنانی شەرعێکە ڕەزامەندی خودای لە سەر نیە.

کەواتە پێش هەر حوکمێك، پێویستە بڕوانینە ئەو کردارەی حوکمەکەی پێوەبەندە، کە لە چ جۆرێکە، یا بڕوانینە ئامانجی ئەو حوکمانە، جا ئەگەر ئامانجەکە، تەنها بە حوکمێکی دیاریکراو بەدی دەهات، دەبێ پابەندبین بەو حوکمە، بەڵام گەر لە بارودۆخی جیا جیادا ئەو ئامانجە بەدی نەدەهات، مەگەر بە ئەحکامی جیاواز، ئەوە

---

(١) بانگەواز وقۆناغەکانی بانگەوازکردن: ل٨٤ بەدەستکارییەکی کەمەوە. بەراوردکە: شرح الاربعین: ناصر سبحاني، محاظرات مفرغة: ل٤٤.٤٥.

پێویسته - به گۆڕانی بارودۆخ - حوکمەکانیش بگۆڕێت[1].

ئەو نوێکارییەی سوبحانی لەم بواره کردویەتی سەر له نوێ بنیاتنانەوەی جێگیر و ناجێگیر له مەنزومەی ئەحکامی شەرعی له سەر بنەمایەکی جیاواز له وەی، که زانراوه و نەوه له دوای نەوه وەریگرتووه، ئەوەش له سەر بنەمای مەسلەحەت و مەفسەدە زاتی، یان عاریزی، بەمانایەکی تر ئەو بنەمایه، ئایا بۆ بەدی هێنانی غایەتی حوکمێك تەنها ئەو حوکمه دەستەبەری دەکات، یا ئەو غایەته ئەحکامی جیاواز له هەر سەردەمێك به گوێرەی باردۆخ و هەلومەرج دەتوانێت تەحقیقی بکات.

بۆیه دەبینی سوبحانی تەواو ڕووبەڕووی تەوژمی سەدەها سەدەی پێش خۆی دەبێتەوە و، ئەو حوکمەی که له توراسی فیقهی به جێگیر دانراوه - وەك نیصاب و ڕێژەی زەکات - سوبحانی به جورئەتەوە خوێندنەوەی نوێی بۆ دەکات و، دەڵێ: ئەمانه حیکمەتی موتەویرن

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ل ٢١. ٢٢. سوبحانی ئەم بابەته به نمونەیەکی پزیشکی دەچوێنێت، که ئیبنوسینا کاتی خۆی بۆ چارەسەر کردنی برینێك سەری میزولەیەکی گەورەی دەهێناو له سەر برینەکەی دادەنا بۆ ئەوه گازی لێگرێ، پاشان سەرەکەی دەبڕی. ئایا حیکمەت ئەوەیه پابەند بین بەو ئامرازەی ئیبنوسینا یا بەو ئامانجەی، که ویستویەتی بەدیبهێنێت (چاکبوونەوەی برینەکه) بەکارهێنانی باشترین ئامراز؟! ئایا ئیبنوسینا له سەر هەمان ئامراز بەردەوام دەبوو، گەر ئەم ئامرازه نوێیانەی ئێستای له بەر دەست بوایه؟!. هەمان سەرچاوە:ل٢٢.

(ناجێگیر)، که بەداخەوە لای فوقەها بە حیکمەتی ثابت تەلەقی کراوە! [1].

سوبحانی لەم بیرۆکەیە و هاوشێوەکانی پشتی بەڕامان لە قورئان بەستووە وەك خۆی ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێ: ئەوەی لە بنەما قورئانییەکان ڕابمێنێ، دەرکی ئەوە دەکات، کە ئەم کارە (واتە نیصاب و ڕێژەی زەکات) (تبیین)ـە نەك (تحدید) و جیاوازییەکی گەورە و مەودایەکی درێژ هەیە لە نێوانیاندا، دواتر نمونەیەك بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە دەهێنێتەوە[2].

---

(١) بانگەواز و قۆناغەکانی بانگەوازکردن: ل٨٤.

(٢) کورتەی نمونەکە بەم جۆرەیە: کە پیاوێك فێری خانوو دروست کردن بکرێت، بۆ پرۆژە پێکردنی هەندێك بەرد و قوڕو پێدەدرێ و فێر دەکرێ، کە ژوورێکی سێ مەتری دروست بکات، پاش فێر بوونی پێی دەوترێ، چ خانوبەکت دەوێ دروستی بکە، بەڵام ڕەچاوی ئەم بنەمایانە بکە، ئایا ئەمە بە واتایەیە، کە پێویستە لە سەری بەو ئەندازەیە ژوورەکان بنیات بنێ، یا تەنها لە سەرێتی پابەند بێ بە بنەماکان و ئازادە بە چ ئەندازەیەك دروست دەکات، کەواتە فێرکردنی ئەم پیاوە بۆ خانو دروست کردن (تبیین)ە نەك (تحدید)، چونکە بنەما گشتییەکان قۆرخ ناکرێت لە دروستکردنی ئەم ژورە بەم تایبەتمەندی و ئەندازەیە، بەهەمان شێوە بنەما قورئانیەکان گشتیین. شرح الاربعین: ل ٤٥. ٤٦.

٦

جیاوازی حیکمەت و سوننەت و سیرەت لای سوبحانی

سوبحانی جیاوازی ناکات لە نێوان هەردوو دەستەواژەی حیکمەت و سوننەت، هەمان پێناسەی حیکمەتی بۆ دەکات، ئەو لاری نیە لەوەی هەندێك لە موفەسیرین[١] حیکمەتیان بە سوننە لێکداوەتەوە، بەڵام جیاوازی سوبحانی لە گەڵ ئەوان لە پێناسەو و ناوەرۆکی حیکمەت و سوننەت لە هەر دوو ڕووی: تیۆری و پراکتیکەوەیە.

لە پێناسەی سوننەت سوبحانی دەڵێ: "السنة: الطريقة الصحيحة لتطبيق كتاب الله، ولذلك تُسمَّى الحكمة". واتە: ڕێگەی دروستی پەیڕەوی کردنی کیتابی خودایە، بۆیە بە حیکمەتیش ناو دەهێنرێ[٢].

لە پاش پێناسەی حیکمەت دەڵێ: "ئەم مانا بە کەلیمەی سوننەتیش

---

(١) لەو زانایانەی کە بە سوننەت تەفسیریان کردووە: ئیبنوعەباس و قەتادە خوایان لێ ڕازی بێت. تفسير مفاتيح الغيب للرازي: دار إحياء التراث العربي، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٤٢٠ هـ: (٤ / ٥٩).

(٢) تەفسیری سورەی (الاحزاب): ل٢٣.

تەعبیری لێدەدرێتەوە (ویعلمهم الکتاب والحکمة) حیکمەت هەر سوننەتەکەیە، کە ڕەوشی تەتبیقی ئەو هیدایەتە نەزەرییەیە"[١].

بەڵام ئەوەندە هەیە حیکمەت لە خودی قورئاندایە، وەک ئەوەی لە سوڕەی ئیسرادا هاتووە[٢].

لە جێیەکی تر دەڵێ: "هەندێك لە حیکمەت لە قورئاندا هاتووە، هەندێکی تر پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە کردار، یان بە گوفتار، یان بە پێلێنان لە ژیانی تاکە کەسی، یان خێزانیی لەگەڵ هاوسەرەکانی، یان لە ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوەڵانی لە کۆچبەران و پشتیوانان (خوایان لێ ڕازی بێ) بەرجەستەکردووە"[٣].

ئەمەش بێگومان یەکێکە لە نوێکارییەکانی سوبحانی لە چەمکی سوننەت، کە بۆ خۆم کەسم نەدیوە بەم جۆرە باسی بکات، ئەویش ـ بە داخەوە ـ ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەک ناکات.

---

(١) بانگەواز وقۆناغەکانی: ل٧٧و١١١.

(٢) ﴿لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا ..... ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوْحَىٰٓ إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلْحِكْمَةِ﴾. (٢٢-٣٩).

(٣) رسالة في علوم الحديث: ل٢٣.

٧

پەیوەندی قورئان و سوننەت و سیرەت لای سوبحانی

لە سەرەتاوە وتمان، لای سوبحانی قورئان چەقی هەموو هەڵوێست و بیرۆکە و بڕیارێکە بۆ هەر ڕەهەند و زانست و کایەیەکە لە ژیان، بۆیە سوننەتیش لەو بنەمایە جیانابێتەوە.

بۆیە بێ دوو دڵی دەڵێ: "ژیانی پێغەمبەر وێنە پراکتیییەکەی قورئانە، چونکە پاساوێك نیە بۆ ڕوانینە ژیاننامەی پێغەمبەر، جیاواز لەوەی پێی دەڕوانینە قورئان، لە کاتێکا دەزانین ژیانی پێغەمبەر تەنها قورئان بووە[1].

مەبەست لەوەی، کە سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دیوە عەمەلیەکەی قورئانە، بەو واتایەی، کە پێغەمبەر لە ژیانی خۆیدا بە کردار مەبەست و واتای تێکستەکانی قورئانی بۆ خەڵك بەرجەستە کردووە، بەم پێیە قورئان و فەرمودە یەك شتن و ناکرێت لێك جوێ بکرێنەوە و سوننەت (مُبَین) شرۆڤەکاری قورئانە، و (مُبَین) شیکار و (مُبِین) شیکارکراو یەك

---

(١) هەمان سەرچاوە: ل ٣٦.

شتە. ئەو پێی وایە: قورئان دوو جۆرە، قورئانێك لە ناو تێکستەکاندایە (المُصْحَف) و قورئانێکی واقیعی و بەرجەستە بوو (سوننەت)[١].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکەی، جگە لەوەی ئاماژەمان پێدا نموونەیەك دەهێنینەوە بەوە، کاتێك قورئان بە تیۆری باس لە دەستنوێژ دەکات:

﴿إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُوا۟ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ﴾[٢].

پەیامبەریش دێت بە کردەوە ئەم دەستنوێژە بۆ هاوەڵانی نمایش دەکات، ئایا دەکرێت بوترێت ئەم دوانە لێك جودان؟! یاخود سوننەت سەرچاوەی دووەمی یاسا دانانە؟![٣]

بەڵکو لەجێیەکی تر ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێ و پێی وایە هەر سێ چەمکی (حیکمەت و سوننەت و سیرەت) گوزارشت لە یەك ناوەرۆك دەکەن، ئەڵبەتە ئەو سوننەت و سیرەتەی کە بەلای سوبحانی پەسندە بە پێوەری قورئان دەپێورێ.

سوبحانی دەڵێ: " گەر لە بیرمان بێ، کە حیکمەت بریتیە لە ڕێگەی مامناوەند لە تەتبیقی بناماکانی کردەوەی باش، بێگومان سیرەت و سوننەتیش هەمان ڕێگەیە، دەزانین کە حیکمەت لە لایەك و سیرەت و سوننەت لەلایەکی تر یەك شتن، و لە بەر ئەوەی زۆرینەی

---

(١) بڕوانە: أصول الفقه:ل ١٤.

(٢) المائدة: ٦.

(٣) بڕوانە: أصول الفقه:ل ١٤.

بەشى جێگيرى حيكمەت ـ ئەمەش لەوانى تر گرنگترە ـ لە قورئاندا باس كراوە، كەواتە زۆرينەى سيرەت و سوننەت لە قورئاندايە"[١].

لە سەرەتاشەوە ئەوەمان لە سوبحانى گواستەوە، كە پێى وايە گەر تويژەرێكى بە توانا هەبێ، دەتوانێ هەموو سوننەت و مێژووى پێغەمبەرى خوا و هاوەڵان لە قورئان دەربهێنێت[٢].

بەسەر سورمانەوە دەپرسێ و دەڵێ: مەگەر سوننەت غەيرى قورئانە تا ئەگەر لە قورئاندا نەبوو، ئيتر نيازت بە سوننەت بێت!![٣].

چونكە لاى سوبحانى - وەك پێشتريش ئاماژەمان پێدا - سوننەت بريتييە لە:

١- ژيانى تاكەكەسى پەيامبەر (صلى الله عليه وسلم).

٢- ژيانى خێزانى پەيامبەر (صلى الله عليه وسلم).

٣- ژيانى دەستەى (سابقين أولين) لە (مهاجرين و أنصار) كە كۆى ئەمانە تەتبيق و بەرجەستەكارى قورئانە لە ژياندا[٤].

---

(١) رسالة في علوم الحديث:ل ٢٤.

(٢) بڕوانە: بانگەواز وقۆناغەكانى: ل١١١، أصول الفقه: ل٣٢.

(٣) بڕوانە: أصول الفقه:ل ١٤.

(٤) بڕوانە: الولاية والامامة:١١٨، أصول الفقه:ل ١٤.

٨

پێگەی سوننەت لای سوبحانی

سوبحانی، ئەم بابەتە بەو بنەما ئوسوڵیە مەشهورە دەست پێدەکات، کە دەوترێ: (سوننەت سەرچاوەی دووەمی تەشریعە) ئەمەش لای زانایان جێی مشت ومڕ نیە.

شاطبي دەڵێ: پلەی سوننەت لە پاش قورئانەوەیە، بەڵگەش بۆ ئەمە چەند شتێکە یەکەم: قورئان بەگشتی و تەفصیل یەقینیە، بەڵام سوننەت بەگشتی نەك بە تفصیل، دیارە یەقینی پێش گوماناوییە[1].

بەڵام لێرەدا سوبحانی بە دوو جۆر تەفسیری دەکات:

یەکەم:

ئەگەر مەبەست بەو بنەمایە ئەوە بێ قورئان لەحوجییەتدا پلەی یەکەمی وەرگرتووە و سوننەتیش پلەی دووەم، چونکە ئەم دوانە

---

(١) الموافقات: إبراهيم بن موسى بن محمد اللخمي الغرناطي الشهير بالشاطبي (ت٧٩٠هـ) المحقق: أبو عبيدة مشهور بن حسن آل سلمان، دار ابن عفان، الطبعة الأولى ١٤١٧هـ/١٩٩٧م: (٤/ ٢٩٤).

دوو شتی جیاوازن، هەندێ شت له سوننەت هەیە له قورئاندا نیە، ئەوە سوبحانی ڕەخنە توند لەم تەفسیرە دەگرێت، بەو جۆرەی تازە باسمان کرد، کە سوننەت ڕوونکەرەوەی قورئانە، و ڕۆشنکار (مبَین) و ڕۆشنکراو (مبین) یەکسانە[1].

دووەم:

خۆ گەر مەبەست ئەوە بێت، کە بۆ چەسپاندنی فەرموودەیەک، کە بزانین گوتەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) یان نا، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ لای قورئان، نەک ئەوەی لە حوجییەتدا پلەی دووەم بێت.

پاش ئەوەی سەلمێنرا لە لایەن پێغەمبەرەوە گوتراوە، چونکە بەڵگەیەک نیە کە فەرموودەیەک پاش ئەوەی چەسپا لەلایەن پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) لە پلەی دووەمی حوجییەت دابنێن، لەکاتێکدا دەزانین کە ژیانی پێغەمبەر وێنەیەکی عەمەلی قورئان بووە[2].

ئەم بابەتە: (کارنەکردن بە فەرموودە پێش گەڕانەوە بۆ قورئان) قسەی زیاتر هەڵدەگرێ، بۆیە دواتر دریژە بەم باسە دەدەین.

---

(١) بڕوانە: أصول الفقه:ل ١٤.

(٢) رسالة في علوم الحديث: ل٣٦.

٩

مەقاماتی عیسمەت و پێغەمبەر لای سوبحانی

سوبحانی لە چەندین جێدا ئەم بابەتە باس دەکات و، پێی وایە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خاوەنی سێ مەقامە:

یەکەم: مەقامی (نبوة): چونکە پێغەمبەر وەرگر و پارێزەری وەحی خودایە.

دووەم: مەقامی (رسالة): چونکە پێغەمبەر گەیەنەری ئەو پەیامەیە، کە لای خوا بۆی هاتووە و پاراستوویەتی بێ زیاد و کەم.

سێیەم: مەقامی (امامة): چونکە پێشەنگی ئیماندارانە لە شوێنکەوتن و پەیرەوکردنی ئەو پەیامەی، کە وەریگرتووە و پاراستویەتی وگەیاندویەتی بە بەندەکانی خوا، بۆ ئەوەی پێشیان کەوێ لە کارپێکردنی ئەو پەیامەی کە پێی ڕاگەیاندوون[1].

---

(١) بڕوانە: شرح الاربعين:ل١١١، أسس التصورات:ل١١٠، الولاية والامامة: ل٧٢ وما بعدها.

پاشان ئیمامەت دەکاتە سێ بەشەوە:

(١- ئیمامەتی فەردی.
٢- ئیمامەتی خانەوادەگی.
٣- ئیمامەتی کۆمەڵایەتی)[١].

ئەم پۆلێن کردنەی سوبحانی بۆ مقاماتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نوێ نیە، لای زانایان بوونی هەیە، ئەگەر چی بەم دەستەواژە و شێوازەی سوبحانی نەبێ، بۆ نمونە پێشەوا قەرافی لە (فەرقی سی و شەش لە نێوان بنەمای هەڵسوکەوتی پێغەمبەر وەك موفتی و گەیەنەر و بانگخواز وبنەمای هەڵسوکەوتی وەك ئیمام وپێشەوا) دەڵێ:

(اعلم أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) هو الإمام الأعظم والقاضي الأحكم والمفتي الأعلم فهو (صلى الله عليه وسلم) إمام الأئمة وقاضي القضاة وعالم العلماء فجميع المناصب الدينية فوضها الله تعالى إليه في رسالته)[٢].

واتە: بزانە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مەزنترین پێشەوایە، و دادگەرترین دادوەرە وزاناترین موفتیە، کەواتە ئەو پێشەوای گشت پێشەوایانە و سەرۆکی گشت دادوەرانە و زاناترینی زانایانە، خوای گەورە لە پەیامەکەیدا هەموو پلە ئاینیەکانی پێ سپاردووە.

---

(١) بانگەواز وقۆناغەکانی بانگەوازکردن: ل٧٨.

(٢) الفروق: أبو العباس شهاب الدين أحمد بن إدريس بن عبد الرحمن المالكي الشهير بالقرافي (ت ٦٨٤هـ)، عالم الكتب، بدون طبعة وبدون تاريخ: (١/ ٢٠٥-٢٠٦).

سەبارەت بەعیسمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) مامۆستا ناصر بەم شێوەیە ڕاڤەی دەکات:

١- لە ڕووی (نبوة) وە پارێزراوە، یانی مومکین نیە، کە قسەی دەرۆ یا وەسوەسەی شەیتان وەرگرێ، بە گومانی ئەوەی وەحیە، هەرگیز وەحی لێ تێکەڵ نابێ لەگەڵ شتی تر.

٢- لە ڕووی(رسالة) وە پارێزراوە، واتە ئەو پەیامەی پێی گەشتووە بێ زیاد و کەم دەیگەیەنێ، بێگومان عیصمەتی (نبوة) و (رسالة) لە ڕاستیدا بۆ پەیامەکەیە، نەك بۆ هەڵگری پەیامەکە.

٣- لە ڕووی (امامة) وە پارێزراو نیە لە هەڵە، بەڵام بەو مانا نیە، کە گوناهـ دەکات، چونکە هەڵە لە تاواندا قۆرخ ناکرێت، چونکە هەندێ هەڵە ئیجتهادیە و پاداش دەکرێت لە سەری[١].

ئەم حاڵەتەی ناو لێناوە (چاودێری پاکسازی وچاکسازی) دەڵێ: ئیمامەت وەك نبوەت و رسالەت گەمارۆ دراوە بە چاودێری خوا، بەڵام چاودێری عیسمەت نیە، بەڵکو چاودێری پاکسازی و چاکسازی. دەکەوێتە هەڵە لە ئیمامەتدا، دواتر وەحی فریای دەکەوی بۆی چارە دەکات[٢].

ئەو کردارەش کە وەحی دەربارەی دانەبەزێ دیارە پێکاوێتی[٣].

---

(١) تفسیر جزء (عم) - دەست نووس - بە دەستکارییەوە: ٨ ـ ٩. بەراوردیکە: أسس التصورات: ل١١١ـ ١١٢، الولایة و الامامة: ل٧٢ وما بعدها.

(٢) الولایة والامامة: ل٩٢.

(٣) أسس التصورات والقیم:ل١١١.

ئەمەیە خاڵی جیاوازی جەوهەری نێوان پێغەمبەر وکەسانی تر لە بواری ئیمامەتدا، چونکە لەسەرجەم پرس و ڕەهەندە کەسییەکاندا، تەنها یەك کەس کراوە بە سەرمەشق (أُسْوَة) و پێشەوا، ئەویش پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم):

﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ [١].

تەنانەت کەسایەتییەکی وەك (حەزرەتی ئەبوبەکر) ناکرێت بکرێتە سونبول لە سەرجەم پرسە تاکە کەسییەکاندا، چونکە ئەگەر پەیامبەر لە بەرجەستەکردنی ماناکانی قورئاندا هەڵەیەك بکات، وەحی دێت و هەڵەکەی ڕاست دەکاتەوە، بەڵام ئەم دەرفەتە بە هیچ مرۆڤێکی تر نەدراوە، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەم پەیامبەر و هەم کۆدەنگی دەستەی سابقینی ئەوەلین لە کۆچبەران وپشتیوانان پێڕەو دەکرێن.

لێرەدا سوبحانی پێی وایە بەم ڕوونکردنەوەیە جیاوازی نێوان زانایان سەبارەت بەعیصمەت[٢] چارە دەبێ، بۆیە دەڵێ: " بەم جۆرە ئیشکالەکە چارە دەبێ، جێیەك نابێتەوە بۆ ئەو جیاوازیانە، یەك دەڵێ: پێغەمبەر مەعسومە، ئەوی تر دەڵێ: مەعسوم نیە، ئەوە لەبەر ڕوون نەبوونەوەی مەقامە جیاوازەکانی پێغەمبەر (نبوة، رسالة، امامة) و دەرك نەکردنی ناوەڕۆکی هەر مەقامێك وەك خۆی"[٣].

---

(١) سورەی (الاحزاب):٢١.

(٢) بڕوانە: أصول الدين: جمال الدين أحمد بن محمد بن سعيد الغزنوي الحنفي (ت٥٩٣هـ)المحقق: الدكتور عمر وفيق الداعوق، دار البشائر الإسلامية، بيروت، الطبعة: الأولى، ١٤١٩ ـ ١٩٩٨:(ص١٣٦).

(٣) تفسير جزء (عم): ٨ ـ ٩.

١٠ یاساکانی پەیوەست بە (ڕاوی) لای سوبحانی

ئەو مەرجانەی، کە فەرمووده ناسان بۆ ڕاویان داناوە، هەموویان یەکدەنگن لە سەری کە بڕیتە لە (العدالة والضبط)[1] سوبحانیش قبوڵی دەکات، بەڵام بە لێکدانەوە و تەئسیل و هەندێ جار ناوەڕۆکی جیاوە، ئەم باسەی بە دوور و درێژی لە پەڕاوی (علوم الحديث) شرۆڤەکردووە.

دیارە بۆ تۆڕینەوەی هاوشێوەی ئەم پرس و بابەتانە، سەرچاوەی سوبحانی - وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی - تەنها قورئانە.

سوبحانی پێی وایە، کە گشت ئەندامێکی سالّح وسوود بەخشی کۆمەڵگا، پێویستە خاوەنی دوو ڕەوشت و خەسڵەت بێ: ڕەوشتێکی گشتی وەک ڕاستگویی، ئەمینداری. ڕەوشتێکی تایبەت وەک بەرگدوری.. بۆ بەیانی ئەمە قورئان ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِيُّ ٱلْأَمِينُ﴾

---

(١) بڕوانە: الوسيط في علوم ومصطلح الحديث: محمد بن محمد بن سويلم أبو شهبة (ت١٤٠٣هـ) الناشر: دار الفكر العربي، بدون تأريخ: ل٨٤.

ئەمینداری ڕەوشتێکی گشتییە، کە دەبێ هەموو خەڵك تێیاندا بێ لە شوانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی...هتد. و بەهێزی لە ڕەشتە تایبەتەکەیە، کە هەموو شوانێك دەبێ هەیبێ.

هەروەها سەبارەت بەمە یوسف پێغەمبەر (علیه السلام) دەفەرموێ: (قال اجعلني على خزائن الارض اني حفيظ عليم) پاراستن ڕەوشتێکی گشتییەو، شارەزایە لە خەزێنە ڕەوشتێکی تایبەتە.

کەواتە دەبێ لە بواری وەرگرتنی فەرموودەی پێغەمبەردا ڕاوی خاوەنی ڕەوشتی ئیمان و تەقوا بێ، ئەوەی پێی دەوترێ (عدالة) و شارەزایی لە بواری ڕوایەت، کە بە (ضبط) گوزارشتی لێدەکرێت[1].

ئەو، بەم جۆرە لێکدانەوە و، تەئصیلی دەکات و پەیوەستی بە قورئانەوە دەکات، کە پێم وایە ئەمەیە نوێکاری سوبحانی لەم بابەتە.

١- پێناسە و عەدالەتی سەحابە لای سوبحانی:

سوبحانی لە سەرەتای ئەم بابەتە دان بەوەدا دەنێ، کە فەرموودە ناسان زەوابیت و پێوەری چاکیان داناوە بۆ عەدالەت، دواتر لە هەندێ بابەتی پەیوەندیدار بە عەدالەت ڕەخنەیان لێدەگرێت.[2]

٢- پێناسە سەحابە لای سوبحانی:

سەرەتا لە پێناسەی سەحابە دەسپێدەکات و لە زانایان دەگوازێتەوە، کە لە پێناسەی سەحابە وتویانە: (الصحابي من رآه رسول الله أو رآه

---

(١) بڕوانە: رسالة في علوم الحديث:ل ٢٦، أصول الفقه:ل ١٦.١٧.

(٢) رسالة في علوم الحديث: ل ٢٨.

هو مؤمنا)[1].

پاشان ڕەخنە لەم پێناسەیە دەگرێ، بە چەند بەڵگەیەك ڕەتیدەکاتەوە:

بەڵگەی یەکەم: لە ڕووی دەرونی وپەروەردەییەوە

دەڵێ: ئەوەی جیاوازی بکات لە نێوان حاڵەتی پەیدابوونی چەندین مەلەکاتی پاك و ئەخلاقی جوان لە هاوڕێیەتی پێغەمبەر و بەسەر بردنی چەندین ساڵ لە خزمەتیدا، لە گەڵ ئەو حاڵەتە عاریزی و کاتیەی، کە لە ئەنجامی چاوپێکەوتنی ڕاگوزەر و سەردانی خێرا دروست دەبێ، ئەوەی جیاوازی ئەم دوو حاڵەتە بکات، ئەم پێناسەیە بۆ سەحابە ناکات[2].

سوبحانی دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایەی، کە لێرەدا تەوزیفی کردووە، کە باوەڕ بە ئیمانێك و وئەخلاقێك و کردارێك ناکات، کە نەبوبێ بە خیساڵ ومەلەکات، واتە هێندە لە ناخی خاوەنەکەی ڕۆچوو بێت، بە جۆرێ هەرگیز نەتوانێ وازی لێبهێنێ، نمونە بەو کەسە دەهێنێتەوە، کە پرۆفە لە سەر کاری بەرگدوری دەکات، بێگومان پێی ناوترێ بەرگدروو، تا نەبێتە مەلەکە تێیدا بەجۆرێ، گەر وازیشی لێهێنا لە بیری نەچێتەوە[3].

---

(١) بڕوانە: شرح نخبة الفكر في مصطلحات أهل الأثر: علي بن (سلطان) محمد، أبو الحسن نور الدين الملا الهروي القاري (ت١٠١٤هـ) حققه وعلق عليه: محمد نزار تميم وهيثم نزار تميم، دار الأرقم، بيروت، بدون تأريخ :(ص٥٧٩).

(٢) رسالة في علوم الحديث: ل ٢٨، بەراوردیکە بە: أصول الفقه: ل ١٩.

(٣) بڕوانە: بانگەواز وقوناغەکانی:ل٩٣- ٩٤، رساله في علوم الحديث:ل ١٨.

بەڵگەی دووەم: لە ڕووی زمانەوانیەوە.

سوبحانی پێ وایە ئەم پێناسەیە لە گەڵ تەفسیری زمانەوانی وشەکە یەکناگرێتەوە، چونکە: صاحب لە ڕیشەی (صحبة) وەرگیراوە، بەمانای زۆر بوون لەگەڵ کەسێکدا .. بەکەسێك دەوترێ، کە مودەتێ زۆر لەگەڵ کەسێکدا بوو بێ بە جۆرێ، ئەوەندە شتی لێ وەرگرتبێ کە دروست بێ پێی بووترێ صاحبی ئەوە، بە چرکەیەك و بینینێك و ڕۆژ و دە ڕۆژ و بیست ڕۆژ ناوترێ، وەك چۆن دەوترێ ئەصحابی شافعی یا حەنەفی[1].

بەگەڕانەوە بۆ زمانناسەکان ئەمە ڕوون دەبێتەوە، ڕاغبی ئەصفەهانی دەڵێ: (صاحب) یانی لەگەڵا بوو، جا مرۆڤ بێ، یا ئاژەڵ... و لە ڕووی عورفیەوە، تەنها بەو کەسە دەوترێ، کە لەگەڵا بوون و هاوەڵبوونەکەی درێژەی کێشابێ.. هاوەڵێتی (المصاحبة والاصطحاب) بەهێز تر لە کۆبونەوە (الاجتماع)، چونکە هاوەڵێتی، داخوازی ماوەی دوور و درێژ دەکات، کەواتە گشت (إصطحاب) یەك (إجتماع)ـە، بەڵام گشت (إجتماع) یەك (إصطحاب) نیە[2].

---

(١) کاسێتەکانی: مونازەرەی زانستی مامۆستا ناصری سوبحانی لەگەڵ مەلا أحمد ناوێکدا: باسی سەحابە.

(٢) المفردات في غريب القرآن: أبو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الأصفهانی (ت٥٠٢هـ المحقق: صفوان عدنان الداودي، دار القلم، الدار الشامية - دمشق، بيروت، الطبعة الأولى ١٤١٢هـ: (ص ٤٧٦٤٧٥).

بەو مانایەی، کە لۆژیك ناسەکان دەڵێن: عوموم وخسوسی موتلەق هەیە لە نێوان (إصطحاب) و (إجتماع) واتە: وشەی (إجتماع) عامە و وشەی (إصطحاب) خاسە.

بەڵگەی سێیەم: لە ڕووی مەنتیقی واقیعیەوە.

پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: (لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَنْفَقَ أَحَدُكُمْ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَه)[1].

خۆ ناکرێ هەموو ئیمانداران سەحابەبن، ئەگینا ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدا: ئەم گوتارە ڕوو لە کێ دەکات، گەر هەموو گوێگران سەحابەبن؟ لێرەوە دەردەکەوێ سەحابە دەستەیەکی تایبەتن لە پەروەردەکراوی دەستی پێغەمبەر، کە سوبحانی پێی وایە سابقینی ئەوەلین لە مهاجرین و ئەنصار دەگرێتەوە، کە بریتن لەو ئیماندارانەی، کە پێش ئەوەی پێغەمبەر کۆچ بکات بۆ مەدینە باوەڕیان هێنابێ[2].

بێگومان ئەمە تەنها بۆچونی سوبحانی نیە، بەڵکو ئیبنول سەمعانیش پێ وایە، کە لە ڕووی زمانەوانی و زاهیرییەوە سەحابی بە کە سێ دەوترێ، کە زۆر لەگەڵ پێغەمبەردا ژیا بێ. ئەمەش دەداتە

---

(١) سنن أبي داود : أبو داود سليمان بن الأشعث بن إسحاق بن بشير بن شداد بن عمرو الأزدي السجستاني (المتوفى: ٢٧٥هـ) المحقق: محمد محيي الدين عبد الحميد، المكتبة العصرية، صيدا، بيروت:(٤/ ٢١٤).

(٢) کاسێتەکانی: مونازەرەی زانستی: باسی صەحابە، بەراوردیکە بە: أصول الفقه: ل١٧.

پاڵ ئوصولییەکان[١].

ئەمە دیسان ڕای باقلانی وغەزالییە، هەر چەند ئەوان دەڵێن: ئەگەر چی لە ڕووی زمانەوانییەوە یەکسانە هاوڕێیەتی کەم بێ، یا زۆر، بەڵام عورف تایبەتی کردووە بە ماوەیەکی زۆر[٢].

کەواتە ئەم پێناسەیە داهێنانی سوبحانی نیە، ئەوەی ئەو داهێنانی تێدا کردووە، دۆزینەوەی بنەمای ناسینی سەحابە وتەئسیل و سنوردار کردنێتی بە پشت بەستن بە قورئان، کە بڕوای ئەو، تەنها سابقینی ئەوەلین لە مهاجرین وئەنصار دەگرێتەوە.

٣- عەدالەتی سەحابە لای سوبحانی.

وتەیەکی مەشهور هەیە، کە هەندێك ئیجماعی زانایانی لە سەر نقڵ کردووە[٣] کە دەوترێ: (الصحابة كلهم عدول) واتە: سەحابە

---

(١) بڕوانە: قواطع الأدلة في الأصول: أبو المظفر، منصور بن محمد بن عبد الجبار ابن أحمد المروزى السمعاني التميمي الحنفي ثم الشافعي (ت ٤٨٩هـ) المحقق: محمد حسن محمد حسن اسماعيل الشافعي، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى، ١٤١٨هـ/١٩٩٩م: (٣٩٢/١).

(٢) بڕوانە: المستصفى: أبو حامد محمد بن محمد الغزالي الطوسي (ت٥٠٥هـ) تحقيق: محمد عبد السلام عبد الشافي، دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى، ١٤١٣هـ/١٩٩٣م: (ص:١٣١)، فتح المغيث بشرح ألفية الحديث شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن بن محمد بن أبي بكر بن عثمان بن محمد السخاوي (المتوفى: ٩٠٢هـ) المحقق: علي حسين علي الناشر: مكتبة السنة، مصر، الطبعة: الأولى، ١٤٢٤هـ / ٢٠٠٣م: (٤/ ٧٨-٧٩).

(٣) بڕوانە: تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي: عبد الرحمن بن أبي بكر،

هەموویان عەدلن. ئیدعای ئیجماع قسەیەکی بێ بنەمایە، بەڵکو خیلافی لە سەرە، و هەندێك پێیان وایە سەحابەش وەك هەر کەسێکی تر دەبێ لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت[1].

بەڵام سوبحانی بەجۆرێکی تر لێی دەڕوانێ و تەفسیری دەکات و دەڵێ:

ئەگەر مەبەست ئەوە بێ، کە ئەوانەی بەڕاستی ئیماندار بوون خاوەن عەدالەت بوون، ئەوە قسەیەکی ڕاستە، چونکە هەموو ئیمانداڕێك بەم جۆرەیە، بەڵام ئەمە ڕێگر نیە، کە تۆڕینەوە بکەین - بەپێی توانا - بۆ جۆی کردنەوەی ئیمانداری ڕاستگۆ لە غەیری وان. بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوە بێ گشت ئەوانەی لە ڕواڵەتدا ئیماندارن خاوەن عەدالەتن، ئەوە قسەیەکی بێ بەڵگەیە، بەڵکو پێچەوانەی زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئانە وپێچەوانەی واقیعە، کەواتە دەبێ تۆڕینەوە بکەین بۆ جوێ کردنەوەی ئیمانداری ڕاستگۆ لە وانەی، کە بەدەم ئیماندێنن بەڵام دڵیان باوەڕی نەهێناوە[2].

ئەو ڕەخنەی تۆند لەو بنەمایە دەگرێت، کە کراوەتە پێوەر بۆ کەشف کردنی کەسی سەحابە و پاشان عەدالەتەکەی بۆیە دەڵێ: سەحابە

جلال الدين السيوطي (ت٩١١هـ) حققه: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي،دار طيبة:(٢/ ٦٧٤).

(١) الشذا الفياح من علوم ابن الصلاح:إبراهيم بن موسى بن أيوب، برهان الدين أبو إسحاق الأبناسي، ثم القاهري، الشافعي (ت٨٠٢هـ)المحقق: صلاح فتحي هلل،الناشر: مكتبة الرشد، الطبعة الأولى،١٤١٨هـ/ ١٩٩٨م :(٢/ ٤٩٨).

(٢) رسالة في علوم الحديث: ل٢٨.

بوونی زۆرێك لەو پیاو و ژنانەی ناویان هێینراون بەوە ئیسبات کراوە، کە ڕوایەتیان لە پێغەمبەر کردووە، ئەمەش دەورێکی قەدەغەیە (الدور الممتنع) چونکە بۆیە وتراوە ئەو کەسە سەحابەیە، لە بەر ئەوەی وتوویەتی گوێم لە پێغەمبەر بووە، وە ئەم قسەیەی (گوێم لە پێغەمبەر بووە)، کە سەحابەبوونی لە سەر بنیات نراوە قبوڵ کراوە لە سەر بنەمای باوەڕبوون بەوەی، کە خاوەن عەدالەتە، دیارە ئەم بیرو باوەڕەش لە ئەنجامی ئەو وەهمە هاتووە، کە سەحابەیە.

کەواتە پێشکەوتنی شتێکە بەسەر بوونی خۆیدا و ئەمەش مەحاڵە، جا چۆن لە سەر ئەم جۆرە وەهمانە ئاینێك، کە دەبێ بەڵگەی ڕۆشنی لەسەر بێت بنیات دەنرێت؟. بێگومان نە دەبوو گوێ بۆ ئەم گوتەیە (گوێم لە پێغەمبەر بووە) بگیرایە، مەگەر لە کەسێك، کە چەسپابێ بە شایەتیەکی دروست لە غەیری خۆی، کە لەگەڵ پێغەمبەر کۆبوەتەوە، چونکە ئەگەر ئەم دیدارە ڕوویدا بێ قبوڵی زۆرێك لە گێڕدراوەکانی لێ پەیدا دەبێ، ئەوە کە دواجار بنەمایەکە کۆمەڵێك لقی لەسەر بنیات دەنرێت، لەبەر ئەوە وەك بنەماکانی تر دەبێ تەنها لەسەر یەقین بینا بکرێت، بەوەی چەندین بەڵگە و ڕوایەتی گومان بڕ یەکبگرن، کە ئەو کەسە دیداری لەگەڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کردووە، چەندین ڕیوایەت کە گومان لابەرن. ڕەتکردنەوەی ئەم قسەیە (گوێم لە پێغەمبەر بووە) بەدرۆخستنەوەی نیە، بەڵکو خۆ پاراستنە لە دەوری قەدەغە (الدور الممتنع) و دوور کەوتنەوەیە لە بنیات نانی ئوسول لە سەر وەهم و گومان[1].

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ل٢٩، لەگەڵ: أصول الفقه:ل ١٩.

بێگومان لەم ڕەخنەیە سوبحانی تەنها نیە، بەڵکو هەندێ لە زانایانی پیش ئەو بەهەمان شێوە ڕەخنەیان گرتووە وەك ئیبنوحەجەر دەڵێ[1].

ئەوەی جێی سەرنجە سوبحانی لێکدانەوەیەکی نۆی بۆ هۆکاری پشت ووتنی ئەم قسەیە (الصحابة كلهم عدول) دەکات و دەڵێ: "دەرکەوتنی ئەم وتەیە لە بەر یەك شت بووە، ئەویش قەزیەیەکی سیاسی بوو، کاتێك دوژمنانی ئیسلام یەزگورد و قەیسەر دەستیان کردە هێرش کردنە سەر سەحابە، ئەمان بۆ ئەوەی دەرگای ئەم هێرشە دابخەن و نەهێڵن بگاتە ئەبوبەکری سدیق، هەر لە خوارەوە ڕێگەیان لەمە گرت، لە جێی ئەوە بەش بەش بکرێت و سابقینی ئەوەلین لەگەڵ ئەوانەی (ملك عضوض)[2] یان هێنا جیا بکرێتەوە"[3].

---

(١) ئیبنوحەجەر دەڵێ: بەم ڕێگەیانە سەحابەبوونی کەسێك دەزانرێ: ١. تەواتور یا بەربڵاو وشوهرەت. ٢. هەواڵ لێدانی هەندێ لە سەحابە. ٣. هەواڵ لێدانی هەندێ لە تابعین متمانەپێکراو. ٤. پێڵێنانی خۆی گەر گونجاو بوو. کۆمەڵێك ڕەخنەیان لە کۆتا ڕێگە گرتووە، چونکە وەك گوتەی ئەو کەسە وایە کە دەڵێ: من خاوەن عەدالەتم. نزهة النظر في توضيح نخبة الفكر: أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد بن حجر العسقلاني (المتوفى: ٨٥٢هـ) المحقق: عبد الله بن ضيف الله الرحيلي، مطبعة سفير بالرياض، الطبعة: الأولى، ١٤٢٢هـ (ص١٤٢.١٤٣).

(٢) (العضوض) موبالەغەیە لە (العض) کە بریتیە لە گازگرتن...مەبەست لەو پادشانەیە کە ستەم لە خەڵك دەکەن و بێ پاساو نازاری خەڵك دەدەن. دستور العلماء: القاضي عبد النبي بن عبد الرسول الأحمد نكري، عرب عباراته الفارسية: حسن هاني فحص، دار الكتب العلمية، لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠م: (٢/ ٦٤).

(٣) أصول الفقه: ل ١٨.

٤- پێوەری عەدالەتی سەحابە لای سوبحانی.

وا دیارە سوبحانی دڵنیا نیە لە دروستی هیچ یەك لە و رێگەیانەی، کە فەرموودەناسان بۆ دۆزینەوەی کەسی خاوەن عەدالەتی نێو سەحابە، بۆیە وەك نەریتی هەمیشەیی خۆی، ڕەتی ئەم بابەتە بە قورئان دەکات و دەیکاتە پێوەر.

دەڵێ: گەر بمانەوێ ئەم بابەتە لە سەر بنەمایەکی بتەو بنیات بنێین، دەبێ بگەڕێنیەوە بۆ قورئان، چونکە لەوێ باسی ڕەزامەندی خودا لە سابقینی ئەوەلین لە کۆچبەران و پشتیوانان و شوێنکەوتوانیان بەچاکە کراوە، هەروەها بەیانی ڕەزامەندی خودا لە ئیماندارانی بەیعەی ڕەزوان و لێخۆشبوونی کۆچبەران و پشتیوانان، کە شوێن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەوتن لە ساتەوەختی سەختدا (جەنگی تەبوك) وبەیانی بەڵێنی بەهەشت بۆ ئەوانەی پێش و پاشی فەتحی مەککە مااڵیان بەخشیوە وجەنگاون.

بەڵێ لەوانەیە ئەستەم، یا زەحمەت بێ جیاکردنەوەی ئەو کەسەی لە پێناوی خودا ئەم کارەی کردووە یا نە، بەهەمان شێوە جیاکردنەوەی کۆچبەران و پشتیوانان کە شوێن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەوتن لە ساتەوەختی سەختدا، لەوانەی کە کۆچیان کرد، یا سەریان خست بۆ دەسکەوتنی دونیا یا مارەکردنی ئافرەتێك، بەاڵم جیاکردنەوەی سابقینی ئەوەلین لە کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی لە بن درەختەکە بەیعەتیان بە پێغەمبەر دا گشتییان، یان زۆربەیان کارێکی سانایە، جا ئەوانە یەك یەك دەناسین، پاشان دەڕوانیە ژیاننامەی ئەوانی تر،

جا هەر کەس لە ژیانی بە چاکی پەیڕەوی لە سابقینی ئەوەلین کرد بەوانیان دەگەیەنین، خۆ گەر پێچەوانەی ئەوە ڕیوایەت کرا سەبارەت کەسێك ئەوە وازی لێ دێنین و پشتی پێنابەستین، لەبەر پاراستنی ئاینی خودا، نەك حوکمدان لە سەر ئەو کەسە بەوەی لە گروهی پیاوچاکان نیە[1].

٥- زەبتی فەرموودە (الضبط) و قۆناغەکانی لای سوبحانی.

بێگومان - وەك سوبحانی دەڵێ - زەبت بە سێ قوناغدا گوزەر دەکات:

١- وەرگرتن (التلقی).

٢- هەڵگرتن (الحمل).

٣- گەیاندن (الأداء).

لێرەدا سوبحانی دان بەوەدا دەنێ، کە فەرموودەناسان بەچاکی بنەماکانی پەیوەست بە هەردوو بەشی هەڵگرتن و گەیاندنیان بەیان کردووە، بەڵام سەبارەت بە بەشی وەرگرتن پێی وایە مافی تەواویان پێ نەداوە، چونکە هەر ڕستەیەك لە (لە فز و مانا و مەبەست) پێك هاتووە، گرنگترینیان مەبەستە، دوانەکەیتر ئامڕازن، جا ئەوەی زمانناس بێ و دەرکی مەبەستی ڕستەکە بکات، ئەوە وەریگرتووە پاشان دەتوانێ هەڵیگرێ و پاشان ئەدای بکات، جا بە هەمان لەفز یا بەلەفزێکی تر، بەڵام ئەوەی لە مەبەستی ڕستە نەگات، لەوانەیە هەڵەبکات لە گەیاندنی بە هەمان لەفزیش بێت، چونکە زۆر جار

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ل٢٩. ٣٠، لەگەڵ: أصول الفقه: ل١٨. ١٩.

بۆ گەیاندنی مەبەستێك، تەنها لەفز و مانای زمانەوانی بەس نیە، بەڵکو بارودۆخی بیسەرو و شێوەی گەیاندنی قسەکەر یش پێویستە.. بێگومان پەیامی خودا چەمکی نامۆی تێدا بووە بۆ بانگ کراوان لە سەردەمی نەفامیدا، جا بۆ ئەوە لە و مەبەست و چەمکانە تێبگات دەبێ هاوڕێیەتی دورودرێژی هەبێ لەگەڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)[1].

بۆ تێگەشتنی ئەم بابەتە، نمونەیەك دەهێنێتەوە کورتەکەی ئەمەیە: "مامۆستایەك هەندێ قوتابی هەبێ، ماوەیەکی زۆر لەگەڵیان بێ بەجۆرێ جار جار بۆ بابەتێکی دورو درێژ، تەنها ئاماژەیەك دەکات یا هەندێ دەستەواژەی تایبەتیان بۆ دادەنێ، دواتر کەسێك لەو کۆبونەوەیە ئامادە بێ وگوێبیستی ئەو ئاماژە و دەستەواژانە بێ و هەستێ بە نوسینەوەیان، لەوانەیە هەندێ جار بە پێچەوانەی مەبەستەکە تۆماری بکات[2] دەی سابقینی ئەوەلین و هەندێکی تر کە شارەزای تەواوی

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ل٣١ بە دەستکاریەوە.

(٢) لێرەدا بو ئەم وتەیەی سوبحانی ئەم نمونەیەم بەبیر هاتەوە کە بە (عائشة) یان ووت (أبو هريرة) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:(الشؤم في ثلاثة: في الدار والمرأة والفرس): واتە: بەوقومی لە سێ شتدایە، لە خانوو و ئافرەت و ئەسپ. (عائيشة): ووتی: (أبو هريرة) ئەم فەرمودەیەی وەك خۆی وەرنەگرتووە، ئەو کاتێ ویستی بێتە ژورەوە، پێغەمبەر ئەیفەرموو: (قاتل الله اليهود، يقولون إن الشؤم في ثلاثة: في الدار والمرأة والفرس) واتە: خودا جوەکان لە ناو بەرێ، کە دەڵێن: بەوقومی لە سێ شتدایە، لە خانوو و ئافرەت و ئەسپ. ئەو (أبو هريرة) کۆتایی فەرموودەکەی بیست سەرەتاکەی نەبیست. مسند أبي داود الطيالسي: أبو داود سليمان بن داود بن الجارود الطيالسي البصرى (ت

ئاماژەو ودەستەواژەکان بوبون. نەك کەسێك کە ڕەنگە تەنها جارێك گوێی لەمە بوو بێ، بۆ نمونە لە ڕۆژی حەجی مالئاواییدا چواردە هەزار کەس ئامادە بوو، یەکێك لەم سەرەوە شتێك ئەبیستێ لە بەریدەکات و ئەیگێڕێتەوە، خوا دەزانێ لە چ مەقامێك و پێشەکییەك و بارودۆخ وتراوە"[1].

پاشان بەراوردی ئەم بابەتە دەکات بە هاوشێوەی لە زانستەکانی تر و دەڵێ: هیچ کەس ڕێ بەخۆی نادات، کە ڕاو بۆچونی پسپۆرێك لە فیزیا - بۆ نمونە - وەرگرێ مەگەر لە هاوڕێیان وقوتابیانی ئەو پسپۆڕە، با ڕاستگۆترین کەسیش بێت، ئایا پەیامی خودا لە پێش تر نیە بە ڕەچاوکردنی ئەم بابەتە؟![2]

٦- سەحیحی بوخاری وموسلیم لای سوبحانی.

وتەیەکی بەربڵاو هەیە لای زانایانی فەرموودەناس (رجال الشيخين جازوا القنطرة)[3] واتە: پیاوانی سەحیحی بوخاری و موسلیم لە پردەکە پەڕینەوە، واتە ئاوڕ نادرێتەوە لەو ڕەخنەو تیرو توانانجانەی ئاڕاستەیان دەکرێت.

٢٠٤هـ) المحقق: الدكتور محمد بن عبد المحسن التركي، دار هجر، مصر، الطبعة الأولى، ١٤١٩هـ/١٩٩٩م: (٣/ ١٢٤).

(١) أصول الفقه: ل ١٩.

(٢) رسالة في علوم الحديث: ل٣١-٣٢.

(٣) فتح المغيث بشرح ألفية الحديث: شمس الدين أبو الخير محمد بن عبد الرحمن بن محمد بن أبي بكر بن عثمان بن محمد السخاوي (ت ٩٠٢هـ) المحقق: علي حسين علي، مكتبة السنة، مصر، الطبعة الأولى، ١٤٢٤هـ/ ٢٠٠٣م: (٢/ ٢١).

بەڵام سوبحانى بەم وتەيە ڕازى نابێ و ڕەخنەى لێ دەگرێت و پێى وايە - لەگەڵ ئەوەى بێ بەڵگەيە - كەسانێ ئەمە قبوڵ دەكات، كە لە تەمبەڵى زەينى زەنجير كرا بن وحەزيان لە پشوى تەقليدە، نەك ئازارى ئيجتيهاد.

پاساويشى بۆ ئەم ڕەتكردنەوەيە بە ئەوە دەهێنێتەوە، كە سەرەنجامى قبوڵكردنى مەترسيدارە، يان وەك خۆى دەڵێ: گەر بيانزانيبا ئەم بارە قورسە لە سەر شانيان دادەنرێ، هەرگيز ئەم كارەيان لە ئەستۆ نەدەگرت.

ئەمەش لەوە سەرچاوەى گرتووە، كە قورئان - بە گومانى وان - فەهم ناكرێت، مەگەر گوفتارێك، يان ڕەفتارێك، يان پێڵێنانێك لە پێغەمبەرەوە بێت.. كەواتە دينى خودا لە گێردڕاوەكان وەردەگيرێ، ئەو كەسەش پێى وابێ، كە قسە لەم گێردڕاوانە تەنها قسەى بوخارى و موسليمە و پێى وايە، كە دينى خودا تەنها لەوانەوە وەردەگيرێ، ئايا هيچ ئيماندارێك ئامادەيە ئەم بارە قورەسە هەڵگرێ، تا بيدا بە كۆڵى بوخارى و موسليمدا ؟ [1]

هەروەها ئەو قسەيەش، كە دەگوترێ: (زانايان كۆكن لەسەر ئەوە، كە دروستترين پەڕاو پاش قورئان، بوخارى و موسليمە)[2] سوبحانى

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ل٣٢-٣٣ بە دەستكارييەوە.

(٢) بڕوانە: تهذيب الأسماء واللغات أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (ت٦٧٦هـ) دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان:(١/ ٧٣)، النكت على مقدمة ابن الصلاح للزركشي: أبو عبد الله بدر الدين محمد بن عبد الله بن

دەڵێ: بەڵێ، یەکدەنگن لە سەر ئەوە، بەڵام ئەمە بەڵگە نیە لە سەر ئەو دەعوایە، چونکە هەرگیز یەکڕا نین لە سەر ئەوەی هەر چی لە دوو تۆێی بوخاری وموسیلمدایە دروستن و، گشت (راوی) یەکانیان هەڵگری عەدالەت و زەبتن[1].

بهادر الزركشي الشافعي(ت٧٩٤هـ) المحقق:د. زين العابدين بن محمد بلا فريج، أضواء السلف، الرياض الطبعة الأولى، ١٤١٩هـ/١٩٩٨م:(١/١٦٣).

(١) رسالة في علوم الحديث:ل٣٢-٣٣.

١١

یاساکانی پەیوەست بە دەقی فەرموودە (المروی) لای سوبحانی

سوبحانی لەم بابەتە قسەی جدی کردووە و بەشێکی زۆری ئەو نامیلکەیەی ناردوویەتی بۆ ئەنسکلۆپیدیای سوننەت و سیرەت بەسەرپەرشتیاری دکتۆر یوسف قەرزاوی تەرخانی کردووە بۆ ڕوون کردنەوەی یاسای فەرموودە و نمونەکانی.

سوبحانی پێی وایە، کە گرنگترین یاسا بۆ قبوڵکردنی فەرموودە بریتیەلە ڕاگرتنی هەر فەرموودەیەك، تا بگەڕێنرێتەوە بۆ قورئان و ئەسڵەکەی بدۆزرێتەوە و، پێی وایە، کە ئەم بنەمایە نیوەی زانستی فەرمودەیە بەڵکو نیوە گرنگەکەیەتی[1].

لێرەدا بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ دروستی ئەم بیرۆکەیە، لە هەمان مەنزومە و پێوەری فەموودەناسان، کە ڕێککەوتوە لەسەری، ئەمەش دیسانەوە وردەکاری و ئینسافی سوبحانیمان بۆ بەیان دەکات.

---

(١) بڕوانە: رسالة في علوم الحديث:ل٣٦،٣٢، اصول الفقه:ل ١٦، ٢١.

دەڵێ: "بەمەرج دانانی ئەوەی، کە بگونجێ هاوشێوەی ئەو فەرموودەیە لە پێغەمبەرەوە دەرچێ، ئەمە وای کردووە لە فەرموودەناسان، کە دان بەدروستی فەرموودەیەك نەنێن، مەگەر پاش ئەوەی دڵنیابن کە شاز نیە، واتە وای لێکردوون، کە ڕاوەستن لە داننان بە دروستی فەرموودەیەك لە سەر تۆژینەوە و ڕامان لەو گێڕدراوانەی، کە لەو بابەتە هاتوون، جا گەر بەرهەڵستکارێکی (معارض)ێکی بەهێزتر لەو نەبوو لە ڕووی سەنەدەوە، دان بە دروستیدا دەنێن، ئەگینا ڕەتیان دەکردەوە و ئاوڕیان لەوە نەئەدایەوە کە پیاوانی سەنەدەکەی خاوەن عەدالەت و زەبتن..

جا گەر ئەم هەڵوێستە بکرێت، دەی شتێك هەیە لەوە لە پێشترە، بۆ ئەوەی دان بە دروستی فەرموودەیەکدا نەنرێت، تا بگەڕێنەوە لە سەر ئەو شتە (واتە قورئان). چونکە هیچ گوفتارێك، یان ڕەفتارێك، یان پێڵێنانێکی(اقرار) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نییە، کە قورئان بەتایبەت، یان بەگشتی ئاماژەی پێنەدا بێت، بێگومان ئەمە داخوازی ئەوەیە، کە دان نان بە دروستی فەرموودەیەك ڕاگیرێت، تا بگەڕێنرێتەوە بۆ قورئان، جا گەر هەمان بابەت لە قورئان هەبوو ـ ئەگەر پەیوەست بوو بە بابەتێکی ئیعتیقادی یا ترساندن و هاندان (ترغیب و ترهیب)، یان باس لە بنەمایەکی گشتی بکات، یا بیرهێنەری ئەو حیکمەتەیە لە قورئاندا باسکراوە، خۆ گەر لە قورئاندا بە شێوەی گشتگیر هاتبوو - گەر هاتوو لە حیکمەتی باس نەکراو بە تایبەت لە قورئان - ئەو فەرموودەیە لەو شێوانە وەردەگیرێ، ئەگینا ڕەتدەکرێتەوە هەر جۆرە سەنەدێکی هەبێت، وەك چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێ شاز دەکرێ[1].

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ل٣٤ـ٣٥، لەگەڵ: أصول الفقه:ل١٥.

نمونە بە فەرموودەی: (لعن الله الواشمه والمستوشمه..)[١] دەهێنێتەوە دەڵێ: نابێ زوو حوکم لە سەر ئەمە دەربکەم، ئەبێ ڕابوەستم تا بگەڕێمەوە بۆ قورئان کە ئەفەرموێ:

﴿ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ﴾ .[٢]

زووش نالێم ئەمەیە.. ماوەتەوە بزانین مەبەست لە خەلق چیە؟.

خەلق لە قورئاندا بۆ بەشی ناوەوە بۆ فیترەت و بۆ بەشی دەرەوەش بەکارهاتووە، لە بارەی ناوەوە فەرمویەتی: (لا تبدیل لخلق الله) کە (فیترەت) سازگارە لەگەڵ یەکتاپەرستیدا و تێکناچێ و، کەسی موشریك شەڕ لەگەڵ فیترەتدا دەکات نەك گۆڕیوێتی، کەواتە مەبەست دیوی دەرەوەیە و هەرجۆرە گۆڕانکاری لەم پەیکەرەدا دروست نیە.. ئەم فەرموودەیە (لعن الله الواشمه..) بۆ بە یادخەرەوەی ئەسڵە قورئانیەکەیە[٣].

بێگومان ئەم بۆچونە (واتە ڕاگرتنی فەرمودە لە قورئان) لەگەل زۆرینەی زانایان یەکناگرێتەوە، هەر چەند بەبڕوای من مامۆستا ناصر لە خاڵی سفرەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکو پێش ئەو، خاتوو عائیشە زۆرێك لە فەرموودەکانی ڕەتکردووەتەوە بە بەڵگەی یەکنەگرتنەوەی

---

(١) صحيح البخاري: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة،الطبعة الأولى، ١٤٢٢هـ:(٧/ ١٦٥).

(٢) سورەی (النساء):١١٩.

(٣) أصول الفقه: ل١٥ بەدەستکاریەکی کەمەوە.

لەگەڵ قورئاندا[1].

هەروەها پێشەوا شاطبي و ڕازی کە باس لە عەرز کردنی سوونەت لە سەر قورئان دەکەن، ئەم بۆچونە دەدەنە پاڵ عیسای کوڕی ئەبان[2].

هەروەها ئیبنول سەمعانی دەیداتە پاڵ دەستەیەك لە حەنەفییەکان و زۆرێك لە کەلامناسان، و ئەبوزەیدی حەنەفی[3].

---

(١) الإجابة لإيراد ما استدركته عائشة على الصحابة ط الخانجي: أبو عبد الله بدر الدين محمد بن عبد الله بن بهادر الزركشي الشافعي (ت ٧٩٤هـ) تحقيق و تخريج: د رفعت فوزي عبد المطلب، أستاذ الشريعة بجامعة القاهرة، الناشر: مكتبة الخانجي، القاهرة، الطبعة الأولى، ١٤٢١ هـ/ ٢٠٠١م: (ص٦٠).

(٢) شاطبي دەڵێ: قالوا خبر الواحد اذا ملكت شروط الصحة هل يجب عرضه على الكتاب أم لا؟. فقال الشافعي: لا يجب لانه لا تتكامل شروطه الا و هو غير مخالف الكتاب، و عند عيسي بن ابان يجب محتجا بحديث في هذا المعنى و هو قوله:(اذا روي لكم حديث فاعرضوه على كتاب الله فان وافق فاقبلوه و الا فردوه) و للمسألة أصل في السلف فقد ردت عائشة رضي الله عنها حديث:(ان الميت ليعذب ببكاء اهله عليه) بهذا الاصل نفسه لقوله تعالى (لاتزرو وازرة وزرة اخرى) (وان ليس للانسان الا ما سعي) و ردت حديث رؤية النبي (صلى الله عليه وسلم) لربه ليلة الاسراء لقول تعالى (لا تدركه الأبصار). بڕوانە: الموافقات:(١٨/٣) المحصول: أبو عبد الله محمد بن عمر بن الحسن بن الحسين التيمي الرازي الملقب بفخر الدين الرازي(ت٦٠٦هـ) دراسة وتحقيق: الدكتور طه جابر فياض العلواني، مؤسسة الرسالة،الطبعة الثالثة، ١٤١٨ هـ/١٩٩٧م:(٤/ ٤٣٨) الرسالة للشافعي: أبو عبد الله محمد بن إدريس بن العباس بن عثمان بن شافع بن عبد المطلب بن عبد مناف المطلبي القرشي المكي (ت٢٠٤هـ) المحقق: أحمد شاكر، مكتبة الحلبي، مصر، الطبعة الأولى، ١٣٥٨هـ/١٩٤٠م:(١/ ٢٢٤).

(٣) قواطع الأدلة في الأصول:(٣٦٥/١).

نالێم ئەم بیرۆکەیەی ئەوان کتومت وەك ئەوەی سوبحانییە، هەرچەندە بڕوام وایە، ئەگەر ئەم بیرۆکەیەی داهینابێت و کەس پێش ئەو پەی پێ نەبردبێت، ئەوە نەك ڕێگرێك نابینم، بەڵکو زۆریش لەبارە لەگەڵ ئاستی زانستی ئەو کەڵە پیاوەدا.

بەبڕوای من خاڵی جیاوازی نێوان سوبحانی و ئەو زانایانە ئەوەیە کە: مامەڵەی ئەوان لە گەڵ فەرموودەکان مامەڵەیەکی جوزئیە، ئەشێ هەندێ جار خۆیان بواردبێ لەو بنەمایەی دایانناوە، بە پاساوی جوێ کردنەوە (استثناء) بەڵام مامەڵەی سوبحانی مامەڵەی کوڵی و کۆنکریتیە، ئامادە نیە لە ژێر هیچ هۆکار و پاساوێك دەستبەرداری ئەو بنەمایە ببێ، کە خۆی پێوە پابەندکردووە.

ئەڵبەتە مامۆستا خۆی دان بەوەدا دەنێ و دەڵێ: بێ ئاگا نیم لەوەی ئەم قسەیەم نامۆیە و، ئیشپێکردنی قورسە... بەڵام - لەگەڵ ئەم قورسییە - ڕێگریم لێناکات لە ووتنی ئەوەی پێم ڕاستە و مەبەستم خودایە.. بۆ نا، ئەوەی لە کتێبەکانی زانستی فەرموودە هاتووە - جگە لەو بنەمایە - نیوەی ئەم زانستەیە، ئەمەش نیوەکەی تڕێتی، بەڵکو نیوە گرنگەکەیەتی و، زیان بەم بۆچونە ناگەیەنێ کە پێشتر پشتگوێ خراوە؟!...

چونکە وا گومان براوە... کە قورئان فەهم ناکرێ مەگەر گوفتارێك، یان ڕەفتارێك، یان پێڵێنانێکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵی بێت.. دەی کەسێ هیچ شتێ لە قورئان وەرنەگرێ جگە لەوەی (روایات) پێی ڕاگەیەنێ چۆن دان بەدروستی ڕادەگرتنی

(روایات) دەنێ، تا بگەڕێتەوە بۆ قورئان؟![1]

کورتەی ئەم باسە ئەوەیە: سوبحانی باوەڕی بە هیچ پێوەرێك نیە، بۆ وەرگرتنی دەقی فەرمودە جگە لە گەڕانەوە بۆ قورئان، بەڵگەکەشی ئەمەیە: ئەگەر لەبەر فەرموودەیەکی گومان هەڵگر (محتمل) هەڵوێستە بکرێت، ئایا لەبەر قورئان نابێت ئەم هەڵوێستە بکرێت؟! پێش وەرگرتنی فەرموودەیەك، نابێ بگەڕێینەوە بۆ قورئان؟! نەوەك فەرموودەیەکی دژ بە ماناکانی قورئان وەربگرین.

---

(١) رسالة فی علوم الحدیث: ل٣٦،٣٥.

١٢

تەتبیقی فەرموودەکان لەسەر بنەماکەی سوبحانی

١- فەرموودەکانی پەیوەست بە نویشتە.

لێرەدا سوبحانی تۆڕینەوەیەکی قوڵی سیستەماتیکی قورئانی دەکات بۆ چەمکی مەشیئەت و تەوەکول و، پاش دۆزینەوەی بنەمای حاکم بە سەر گشت جوزئییەکانی تر لە قورئان - وەك نەریتی هەمیشەیی خۆی - دواتر قسە لەسەر ئەم بابەتە جوزئییە دەکات، کە بریتیە لە نویشتە کردن.

سوبحانی باوەڕی وایە، کە بوونی هەر کارێك ـ جگە لە موعجیزە ـ لەسەر دوو شت ڕاوەستاوە:

١- ویستی خودا.
٢- هۆکاری گونجاو لە گەڵ ئەو کارە.

بێگومان لای ئەو، دیاری کردنی هۆکاری هەر کارێك هەرچەمەکی نیە، بەڵکو دەبێ پشت بە دوو سەرچاوە ببەسترێ:

١- **وەحی.** واتە: له قورئاندا هاتبێ ئەو شته هۆکاری ئەو کارەیە.

٢- **ئەزموون (تجربة)** کە بە پشکنینی (إستقراء) تەواو دەست دەکەوێ.

جا ئەگەر هەر شتێك، کە خەڵکێك کردی بە هۆکاری شیفا، بە یەك لەم دوو ڕێیە نەچەسپا، دروست نیە لە هۆکارەکان هەژمار بکرێت، ئەگەر چی لە ڕواڵەتدا شیفا بەخشیش بێ، چونکە بڕوابوون بەوە، کە هۆکاری شیفایە ووڕەی مرۆڤ بەهێز دەکات، دواجار جەستەش بەهێز دەبێ و شیفا دێت[1].

پاشان نەخۆشی و دەرمانەکەی پۆلێن دەکات بۆ سێ جۆر بەم شێوە:

١- نەخۆشی دەروونی بێگومان دەرمانەکەی دەبێ تەنها دەرونی بێت، وەك دەرمانی بیماری دڵ بە شوێنکەوتنی ڕێنومایی قورئان.

٢- نەخۆشی جەستەیی کە کاریگەری نەبێ لە سەر دەروون، بێگومان دەرمانەکەی تەنها جەستەیی دەبێ، وەك برین کە بە دورینەوە چارەسەر دەبێ.

٣- نەخۆشی تێکەڵ. واتە: نەخۆشییەکی دەروونی کاریگەر لە سەر جەستە، چارەی ئەمەش بەدەرمانی دەروونی تێکەڵ بە دەرمانی مادی یا بەدەرمانی مادی ئاوێتە بەدەرمانی دەروونی، جاری واش دەبێ تەنها یەکیان بەکار دێ، شیفا لە هەردوو نەخۆشییەکە بەدی دێ[2].

---

(١) بڕوانە: رسالة في علوم الحديث: ل٣٨،٣٧، أحكام شرعية وجملة فتاوى: ل٦٩- ٧٠.

(٢) بڕوانە: رسالة في علوم الحديث: ل٣٧، أحكام شرعية وجملة فتاوى:ل٦٩.

مەبەست لە نوێشتە (رقیة) لای سوبحانی بریتیە لە: لەو وتراوەی کە شیفاهێنەرە، نەک نوسراو، بۆیە دەڵێ: روقیە (کل کلام یستشفی به من عارض) واتە: هەر وتەیەک ببێتە چارەسەری نەخۆشیەک، ئەما نوسین (تمیمة)یە، کە ئەوە موحەڕەمە[1].

پاشان هەندێك فەرموودە باس دەکات و پێی وایە ناوەرۆکیان - دروستی نوێشتە بە قورئان و ناوی خودا و دوعا - یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی ئایەتە بێ شومارەکانی قورئان ڕوونی دەکاتەوە، کە تەوەکول بریتیە لە: پشت بەستن بەڕەحمەتی خودا لە کاتی دەستگرتن بە هۆکار، بۆ ئەوەی بزانرێ هیچ کارێك - جیا لە موعجیزە - بێ هۆکار نابێ و دڵنیابوون لە وەی فاعیل تەنها خودایە، ئەمە لە گشت بنەماکانی تر ڕوونترە و بەڵگەی لە قورئان زیاترە، ئەمەش دەکاتە پێوەرێك، کە پێویستە گشت فەرموودەکانی بابەتی تەوەکولی پێ بکێشرێ، جا ئەوەی یەکیگرتەوە قبوڵ دەکرێ، ئەگینا تەئویل دەکرێ، یا ئەگەر تەئویلی هەڵنەدەگرت ڕەت ئەکرێتەوە[2].

بۆیە لێرەدا سوبحانی فەرموودەیەك دەهێنێتەوە، کە بە تەواوی پابەندبوون و ڕاستگۆیی ئەو لەگەڵ پرەنسیپ و بنەمایە هەڵێنجراوەکەی لە قورئان نمایش دەکات، ئەو خاڵە جەوهەرییەی، کە لەگەڵ زانایانی تری جیادەکاتەوە، کە پێشتر ئاماژەم پێدا. فەرموودەکە دەڵێ:

(يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ أُمَّتِي سَبْعُونَ أَلْفًا بِغَيْرِ حِسَابٍ.. هُمُ الَّذِينَ لَا يَسْتَرْقُونَ،

---

(١) کاسێتەکانی أصول الفقه.

(٢) بڕوانە: رسالة في علوم الحديث: ل٤٤.٤٥، أحكام شرعية وجملة فتاوى:ل٧٩.

وَلَا يَتَطَيَّرُونَ، وَلَا يَكْتَوُونَ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)[1].

واتە: حەفتا هەزار کەس لە ئومەتم بێ لێپێچانەوە دەچنە بەهەشتەوە، ئەوانەن کە داوای نویشتە ناکەن، وەیشوومە ناکەن، کەوی ناکەن، و پشتیان بەخودا قایمە.

بێگومان سوبحانی بە پێی بنەمای گەڕانەوە بۆ قورئان ئەم فەرموودەیە قبوڵ ناکات و هەروەها ئەو تەئویلانەش، کە زانایان دەیکەن، بەڵگەش بۆ ئەمە دەهێنێتەوە:

١- ئەم فەرموودەیە - کە تەوەکول بە وازهێنان لە دەستگرتن بەهۆکارەوە پێناسە دەکات - دژە لەگەڵ ناو و دەرەوەی ئەو ئەسڵە، و هەروەها دژە بەو فەرموودانەی، کە لەگەڵ ئەو ئەسڵە یەکدەگرنەوە.

٢- زانایان زۆریان لە خۆیان کردووە بۆ کۆکردنەوەی ئەم فەرموودەیە لەگەڵ ئەوانی تر، کە نویشتەکردن بەڕەوا دەبینن، دواجار وڵامێکی ئەوتۆیان نەداوەتەوە، بەڵام - بەداخەوە - کەسم نەدیوە بۆ قورئان بگەڕێتەوە، چونکە هەر فەرمودەیەك - جگە لە موتەواتیر - کە وترا دروستە، بەو مانا نیە، کە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی، بەڵکو تەنها گومانە، لەوانەیە ڕاست بێ، یان هەڵە، لەوانەشە (راوی) یەکە باعەدالەت و زەبتیشی تەواو بێت لە دانە پاڵی فەرموودەیەك بۆ لای پێغەمبەر هەڵە بکات.

---

(١) صحيح البخاري:(٨/ ١٠٠) صحيح مسلم: مسلم بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري (ت٢٦١هـ) المحقق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت:(١/ ١٩٨).

٣- وەرگرتنی ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە، کە ئەو وتەیەی دەڵێ: سوننەت پلەی دووەمی پاش قورئان وەرگرتووە، قسەیەو کرداری لەگەڵ نیە، و گێڕراوەکان لای ئەوان دادەرن بە سەر قورئان! ئەگینا مەبەست لە پلەی دووەم بوون ئەوەیە، کە گێڕراوەکان (روایات)- چونکە ئەگەری هەڵەی هەیە - یادخەرەوەی ئەسڵەکانی قورئانە و، پاش دۆزینەوەیان دەکرێنەوە بە دادەر بە سەر گێڕدراوەکان و، ئەو فەرمودەی ڕونکەرەوەی ئەو بنەمایانە بێ قبوڵ دەکرێ و، ئەوەی پێچەوانەی بێ وەلا ئەنرێ[1].

٢- فەرموودەکانی وێنە و پەیکەر.

ئەم باسە لە چەندین شوێن دەکاتەوە بۆ نمونە لە (علوم الحديث) و (أحكام شرعية) و (أصول الفقه) بەڵام بە شێوازی تایبەت بە خۆی و جیاواز لە بۆچونی زانایانی تر، بە پشتبەستن بە بنەمای هەمیشە ئامادە (عەرزکردنی فەرموودە لە سەر قورئان پێش ئیش پێکردنی).

سەرەتا جێی مشت ومڕ شی ئەکاتەوە(تحرير محل النزاع) بەوە، کە پەیکەری قەدەغە دوو بەشە:

١- پەیکەری ئەوانەی جگە لە خودا دە پەرسترێن.

٢- ئەو پەیکەرانەی کە دەزانرێ، یان گومان دەبرێ لەداهاتوو لە لایەن خەڵکێك بپەرسترێ، جگە لەم دوانە دروستکردن و وەرگرتنی ئەوانی تر بە پێی ئامانج و مەبەستەکەی بەم جۆرە:

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ل٤٦٤٥، أحكام شرعية وجملة فتاوى:ل٧٩-٨٠.

گەر ئامانجەکە لەو جۆرە بوو، کە شەریعەت قەدەغەی کردووە دروست نیە وەك وێنەی ئافرەتی ڕووت. گەر بەباشی نەزانی ئەوە چاك نیە وەك ئەو وێنانەی، کە خەڵك سەرقاڵ دەکات بێ ئەوەی گومڕایان بکات. و گەر بەڕەوای بینی دروستە وەك وێنەی باخچە و پارکی دڵڕفێن. گەر بە سوننەتی دانا، ئەوە سوننەتە وەك وێنەی ڕووك و ئاژەڵ، کە بۆ فێر بوونی ئەو وشانەی لە فەرهەنگەکان دانراون. گەر بە پێویستی زانی، ئەوە واجبە وەك فیلمی تیڤی و سینەمایی سەبارەت بە چیرۆکە قورئانیەکان و، وێنەی پزیشکی و ناسنامە و پاسپۆرت..[1].

بەڵگەشی بۆ ئەم بۆچونە ئەمەیە:

بەڵگەی یەکەم:

خودای گەورە دەفەرموێ:

﴿ يَعْمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ وَجِفَانٍ كَٱلْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَٰتٍ ﴾.[2]

لە وەجهی دەلالەتی دەڵێ: وشەی (تماثیل) لە هەواڵەکە پەیوەست نیە تەنها بە ویستی سولەیمان پێغەمبەر نەبێ..خۆ دیارە ئەو نەیویستووە پەیکەری قەدەغەی بۆ دروست بکرێت و، نابێ بێ بەڵگە بووترێ ئەوەی ویستووە و ئەوەی نەیویستووە، بەڵکو لە ئایینی ئێمە و

---

(١) رسالة في علوم الحديث: ل ٥٨-٥٩، أحكام شرعية وجملة فتاوى:ل٥٩-٦٠.
(٢) سورەی (سبأ): ١٣.

فەرموودەكان نەهاتوە جياوازى نێوان جۆرى پەيكەر، جياوازى نێوان گياندار و بێ گيان، بۆچونى ئيبنوعەباسە و هيچ فەرموودەيەكى دروست لە سەرى نەهاتووە. بەڵام ئەو فەرموودەيە كەدەفەرموێ: يقال لهم: أحيوا ما خلقتم[1] لە ڕوداوێكى تايبەت هاتووە، بەڵگە نيە لەسەر جياكردنەوەى وێنەى گيان لە بەر و غەيرى ئەوە[2].

لێرەدا ئەو پرسيارە دروست دەبێ: ئەم ئايەتە ياساى پێش ئێمە نابێتە ياسا بۆ ئێمە، لەگەڵ ئەوەى ئەم حوكمە لە شەريعەتى ئێمە هەڵوەشاوەتەوە[3].

سوبحانى بە درێژى وەڵامى ئەم پرسيارە دەداتەوە بە پۆلێنكردنى شەريعەت بۆ دوو بەش:

١- بەشى تەسەورات. كە ناكرێت لە شەريعەتێ بۆ شەريعەتێكى تر بگۆڕێ.

٢- بەشى ئەحكام وقييەم. كە بۆ دوو بەش دابەش دەبێت:
يەكەم: ئوصول. كە بەهەمان شێوەى تەسەورات ناگۆڕێ.
دووەم: فوروع. ئەمەش دوو لقى لێدەبێتەوە:

لقى يەكەم: ئەحكامى جێگير - پەيوەست بە بەرژەوەندى، يان زيانێكى تايبەتى نەگۆڕاو - هەڵوەشانەوە و گۆڕان قبوڵ ناكات وەك ئازاردانى باوك و دايك و دراوسێ...هتد.

---

(١) صحيح البخاري: (٣/ ٦٣).

(٢) رسالة في علوم الحديث: ل٥٠، أحكام شرعية وجملة فتاوى:ل٦٠.

(٣) فتح الباري:أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، قام بإخراجه وصححه: محب الدين دار المعرفة،بيروت، سنة ١٣٧٩هـ:(١٠/ ٣٨٢).

لقی دووەم: ئەحکامی ناجێگر کە لە سەر بەرژەوەندی، یان زیانێکی ناجێگیر بنیات نراوە.... ئەم بەشە لە فوروع ئەکرێ پێی بووترێ شەرعی پێش ئێمە[1].
واتە دروست کردنی پەیکەر لە ئەحکامی جێگیرە و لە سەردەمێ بۆ سەردەمێ ناگۆڕێ.

بەڵگەی دووەم:

لێرە ڕێگەیەك دەگرێتە بەر، کە ئوصولیەکان ناویان ناوە (تنقیح المناط)[2].

دەڵێ: ئەو فەرموودانەی سەبارەت بە تەصویر هاتوون ڕوونیان کردووەتەوە، کە عیلەتی دروستکردنی، چواندنە (تشبیە) بە دەستکردی خودا، جا گەر مەبەست لەوە چواندنی تەصویرە بە دەستکردی خودا لە لایەن نیگارکێشەوە..کەواتە تەصویر لە گشت زەمان و زەمینێك، بە گشت جۆرەکانیەوە گیاندار وبێ گیان حەڕامە، چونکە هیچ نیگار کێشێك - یا پەیکەر تاشێك - نیە کە نیگارەکەی نەچوێنێ بە دروستکراوەکانی خودا، بەڵکو کارەکەی تەنها ئەمەیە، لە سەردەمی سولەیمان بێ، یان

---

(١) بڕوانە: أحكام شرعية وجملة فتاوى:ل٥١-٥٣، رسالة في علوم الحديث:ل٥٠.

(٢) بڕیتیە لە: ڕامان و ئیجتیهاد لە دیاری کردنی ئەو عیلەتەی، کە دەقەکە ئاماژەی بۆ کردووە، بە لادانی ئەو وصفانەی لەگەڵی هاتوون و بەشێك نین لە عیلەت.الإحكام في أصول الأحكام: أبو الحسن سيد الدين علي بن أبي علي بن محمد بن سالم الثعلبي الآمدي (ت٦٣١هـ)المحقق: عبد الرزاق عفيفي، المكتب الإسلامي، بيروت، دمشق:(٣/ ٣٠٣).

نوح، یان موحەمەد (سەلامی خوایان لێ بێ) و چواندنی وێنەی بێ گیانەکان بە دروستکراوەکانی خودا تێر و تەواو تر، لە چواندنی وێنەی گیانلەبەرەکان بە هاوشێوەی لە دروستکراوەکانی خودا، چونکە ئەمەیان بۆ تەواوکردنی لێکچونەکە پێویستی بەگیانبەبەراکردنی هەیە، کە لە توانای نیگارکێشدا نیە، بە پێچەوانەی ئەوی تر[1].

بەڵگەی سێیەم:

تەئویل کردنی فەرموودەکە بە جۆرێ لەگەڵ بنەمای گەڕانەوە بۆ قورئان بگونجێ.

سوبحانی پێی وایە کە فەرموودەکە (مشبَّه بە) بەلەفزی (خلق الله) هاتووە، کە گشت مخلوقێك دەگرێتەوە، تەنانەت ئەو پەیکەرانەی، کە دروستی دەکەن، کەواتە دەبێ (مشبَّه) کە غەیری (خلق الله) کە خودای مەزنە و، ماناکەی: تەشبیهی خودا دەکەن بەدروستکراوەکانی،واتە: ئەوانەی کە پەیکەری پەرستراوەکانی جگە لە خودا، یان شەرع دانەران بێ مولّەتی خودا دروست دەکەن، لەگەڵ ئەوەی بەزانایی و بەنقەست وادەکەن، جا هەندێك لە دروستکراوەکانی خودا دەکەنە هاوبەشی و، خولقێنەر بە خولقێنراو دەچوێنن، کە خودا خولقێنەری ئاسمەکان و زەوی....﴿ أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لَّا يَخْلُقُ ﴾.[2] [3]

---

(١) بڕوانە: أحكام شرعية وجملة فتاوى: ل٥٣-٥٤، رسالة في علوم الحديث: ل٥٣-٥٤.

(٢) سورەی (النحل):١٧.

(٣) بڕوانە: أحكام شرعية وجملة فتاوى: ل٥٤-٥٥، رسالة في علوم الحديث: ل٥٤-٥٥.

بەڵگەی چوارەم:

ئیجتیهاد کردن لەو گێڕدراوانەی سەبارەت بە تەصویر هاتوون بۆ هەڵێنجاندنی مانایەکی هاوبەش، پاشان گێڕانەوەی گێڕراوە (روایات) جیاوازەکان بۆ ئەم مانا هاوبەشە.

دەڵێ: جا گەر بنەمای (گێڕانەوەی فەمووده بۆ ئەسڵە قورئانیەکەی) ڕێنمایی کردین بۆ لێکدانەوەی دەستەواژەی (الذین یضاهئون بخلق الله). بەهەمان شێوە ڕێنمایمان دەکات بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە فەرمووده، یان گێڕراوە جیاوازەکان سەبارەت بە یەک بابەت.. ئەوەش بەوە دەبێ، کە مانایەکی هاوبەش ڕەچاو بکەین و گێڕدراو و لەفزە جیاوازەکان بۆ ئەم مانا هاوبەشە بگێڕینەوە، نەک هەر ڕیوایەتێک یان لەفزێک بکەینە بەڵگەیەکی سەربەخۆ و شتێ زیاتر لە و مانا هاوبەشەی پێ بچەسپێرێ، وەک لە بیری چوبێ، کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە یەک بابەت یەک ڕوونکردنەوەی داوە و یەک فەرمووده بە یەک لەفزی فەرموو و، جیاوازی وشەکان لە (راوی) یەکانەوەیە و وشەکانی ئەوانیش بەهیچ شێوەیەک حوجە نیە، لە سەر ئەم بنەمایە دەبێ دەستەواژەی (یخلق کخلقي) بگەڕێنرێتەوە بۆ دەستەواژەی (الذین یضاهئون بخلق الله).

بە لێکدانەوەی پێشوو، چونکە ئەسڵەکەی ئاوا بووە (ومن أظلم ممن ذهب یضاهی بخلقی) لە لایەن ڕاوییەکان دەستکاری کراوە..ئەمەش شتێکی نامۆ نیە، زۆر دوور نەچین ئەوە فەرموودەی (القرام و النمرقة) کە لە خاتوو عائیشە گێڕراوەتەوە، ئەوەندە جیاوازی تێکەوتوە لە لەفزەکانی وا دەزانرێ، کە هەر لەفزێک فەرموودەیەکی سەربەخۆیە، کە ئەمە

هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە بۆ پێویست بوونی بنەمای گەڕانەوە بۆ ڕەبتکردنی فەرموودەکان بە ئەصلەکانیان لە قورئان، کە دەمانپارێزی لە بڵندکردنەوەی دەستەواژەیەك، کە هی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نیە، یان گۆمان هەیە هی ئەو بێ بۆ ئاستی وەحی.

هەروا هانمان دەدا، کە فەرموودەکان بکەینە ئامرازێك بۆ وەبیرهاتنەوەی ئەسڵە قورئانییەکەی[1].

٣- فەرموودەکانی پێشنوێژی فاسق.

هەرچەندە ئەم بابەتە ڕای جیاوازی لە سەرە لای زانایان[2]

---

(١) بڕوانە: أحكام شرعية وجملة فتاوى: ل٥٦-٥٧، رسالة في علوم الحديث: ل٥٥-٥٦.

(٢) بەمجۆرە: ١- دروستە لەگەڵ کەراهەت. بۆچونی زۆرینە زانایان وەك حەنەفی و شافعی و زاهیری و ڕیوایەتێك لای ئەحمەد. ٢- دروست نیە. ڕای مالکی و ئیمامی و زەیدی و دروسترین ڕیوایەتە لای ئەحمەد. بڕوانە: العناية شرح الهداية محمد بن محمد بن محمود، أكمل الدين أبو عبد الله ابن الشيخ شمس الدين ابن الشيخ جمال الدين الرومي البابرتي (ت٧٨٦هـ) دار الفكر، بدون طبعة وتاريخ:(٣٦٢/١) المعاني البديعة في معرفة اختلاف أهل الشريعة: محمد بن عبد الله بن أبي بكر الحثيثي الصرد في الريمي، جمال الدين (ت٧٩٢هـ)تحقيق: سيد محمد مهنى، دار الكتب العلمية،بيروت،الطبعة الأولى، (١٤١٩هـ/١٩٩٩م):(١٩٩/١) الكافي في فقه الإمام أحمد أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد بن قدامة الجماعيلي المقدسي ثم الدمشقي الحنبلي، الشهير بابن قدامة المقدسي (ت٦٢٠هـ) دار الكتب العلمية، الطبعة الأولى، ١٤١٤ هـ/ ١٩٩٤م:(٢٩٤/١)المحلى بالآثار: أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي القرطبي الظاهري (ت٤٥٦هـ) دار الفكر، بيروت، بدون طبعة و تاريخ:(١٢٧/٣).

زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەن دروستە، تەنانەت ئەم بابەتە کراوە بە جێی باسی پەڕاوەکانی عەقیدە[1] بەڵام سوبحانی بە پشتبەستن بە بنەمایە قورئانییەکەی لە نزیکەی بیست لاپەرە بەدرێژی و قوڵی دەچێتە ناو ئەم بابەتە و دەیسەلمێنێ، کە پێشنوێژی فاسق دروست نیە، ئەو فەرموودانەی ئەمە بەدروست دەزانن، بە توندی ڕەتدەکاتەوە.

دەڵێ: "سەرسوڕمان دوایی نایەت لەوەی هەندێك خەڵەتاون بەو درۆ هەڵواسراوە بە دەم پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم).. (صلوا خلف كل بَرّ وفاجر...)[2] و بەچەند دانەی تر، بە زەحمەتیان داناوە کە دەرکی بەگژاچونی ئەم وشە ناپاکە لە گەڵ قورئان بکەن، بەڵکو بۆتەواوی پەیامەکانی خودا، کە دەبوو زۆر بە سانایی ڕەتیان بکردایەوە ـ با بە دروسترین سەنەدیش ڕیوایەت بکرایە ـ بەڵام ئەوان پشتیان بە لاوازی سەنەدەکەی بەست! جا چۆن نا کە لە قورئاندا

---

(١) بڕوانە: شرح العقيدة الطحاوية: صدر الدين محمد بن علاء الدين علي بن محمد ابن أبي العز الحنفي، الأذرعي الصالحي الدمشقي (ت ٧٩٢هـ) تحقيق: أحمد شاكر، وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد، السعودية،الطبعة الأولى، ١٤١٨هـ: (ص٣٦٥).

(٢) سنن الدارقطني: أبو الحسن علي بن عمر بن أحمد بن مهدي بن مسعود بن النعمان بن دينار البغدادي الدارقطني (ت٣٨٥هـ)تحقيق: شعيب الارنؤوط، حسن عبد المنعم شلبي، عبد اللطيف حرز الله، أحمد برهوم مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة: الأولى، ١٤٢٤ هـ/٢٠٠٤م:(٢/٤٠٤). دارەقوتنی دەڵێ: مەکحول لە ئەبی هورەیرەی نەبیستووە. و شەوکانیش دەڵێ: لاوازە. نيل الأوطار: محمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني اليمني (ت١٢٥٠هـ) تحقيق: عصام الدين الصبابطي، دار الحديث، مصر،الطبعة: الأولى، ١٤١٣هـ/ ١٩٩٣م:(٢/ ٣١).

هاتووە :

﴿ إِنَّ ٱلْأَبْرَارَ لَفِى نَعِيمٍ ﴿١٣﴾ وَإِنَّ ٱلْفُجَّارَ لَفِى جَحِيمٍ ﴿١٤﴾ يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴿١٥﴾ ﴾.[1]

ئەرێ سوێند بە خوا، خراپکاران لە دۆزەخن..بەهەمیشە تیادەمێنەوە، خۆ تەنها بێ باوەڕان و دوو ڕووەکان لە دۆزەخ دەمێننەوە، دەی ئایا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) - دور بێ لەو - بۆ فەرمانی بەپەیڕەوی کردن لە بێ باوەڕان هاتووە؟![2].

---

(١) سورەی (الانفطار): ١٣ - ١٥.

(٢) أحكام شرعية وجملة فتاوى:ل٣٦. ٣٧.

١٣

هۆکارەکانی وەرنەگرتنی هەندێك فەرموودە لای سوبحانی

جگە لەو هۆکارە سەرەکییە، کە پێشتر باسمان کرد و نمونەمان بۆ هێنایەوە (دژایەتی قورئان) چەندین هۆکاری تر هەیە لای سوبحانی بۆ وەرنەگرتنی هەندێک فەرموودە لەوانە:

١- دژایەتی قورئان:

ئەمە بەهێزترین هۆکارە لای سوبحانی بۆ وەرنەگرتنی هەندێک لە فەرمودەکان، پێشتر چەند نمونەیەکمان باس کرد وەك نویشتە و تەصویر. لەگەڵ ئەمەش فەرموودەی:

(الشَّيْخُ وَالشَّيْخَةُ إِذَا زَنَيَا فَارْجُمُوهُمَا الْبَتَّةَ)[1].

قبوڵ ناکات و دەڵێ: دڵی مرۆڤ نایگرێ و زۆر دورە لە قورئان، بەڵگە

---

(١) سنن ابن ماجه: أبو عبد الله محمد بن يزيد القزويني، وماجة اسم أبيه يزيد (ت٢٧٣هـ)تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء الكتب العربية، فيصل عيسى البابي الحلبي:(٨٥٣/٢).

نیە بۆ سەلماندنی و، شتێكیشە لەگەڵ هیدایەتی خودا ڕێك ناكەوێ[١].

٢- بەگژاچونی ڕاستیە میژوییەكان:

لێرەدا تەنها ئاماژە بە دوو نمونە دەكەین:

یەكەم: ڕیوایەتی (المباهلة) لاڵانەوە.

كورتەكەی ڕیوایەتەكە ئەمەیە: (كاتێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەكەوێتە مشت و مڕ لەگەڵ مەسیحیەكانی نەجران، خودا فەرمانی پێ دەكات بە موباهەلە واتە گردبوونەوەی خۆیان و خێزان و منداڵیان بە مەبەستی پاڕانەوەو لاڵانەوە لە خودا و نەفرین لەكەسی بێ باوەڕ، جا بۆجێ بەجێ كردنی ئەم فەرمانە، بانگی عەلی وفاتیمە و حەسن وحوسەین دەكات)[٢].

سوبحانی ئەم ڕیوایەتە بەڕاست نازانێ و قبوڵی ناكات، چونكە - وەك خۆی دەڵێ - سورەی (آل عمران) لە ساڵی سێی كۆچی دابەزیوە، لەو كاتەش حوسەین هێشتا لە دایك نەبوو بوو، حەسەنیش لە ساڵی یەكەمی لە دایك بوونی بووە[٣].

---

(١) أصول الفقه: ل٥٢.

(٢) جامع البيان في تأويل القرآن:محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر الطبري (ت٣١٠هـ). المحقق: أحمد محمد شاكر،مؤسسة الرسالة،الطبعة الأولى، ١٤٢٠ هـ/٢٠٠٠م:(٥/ ٤٦٩) تفسير ابن المنذر أبو بكر محمد بن إبراهيم بن المنذر النيسابوري (ت٣١٩هـ)تحقيق: الدكتور سعد بن محمد السعد، دار النشر: دار المآثر، المدينة النبوية، الطبعة: الأولى ١٤٢٣ هـ/٢٠٠٢م:(٢٢٩/١).

(٣) تفسير سورة الاحزاب: ل٢٣.

بێگومان ئەم ڕیوایەتە تەواوی ڕاڤەکارانی قورئان - بە پێی زانیاریم - گواستویانەتەوە وەک شتێکی سەلمێنراو و بەشێک لە تێگەشتنی ئایەتی (٦١) سورەی (آل عمران) مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

تەنانەت ئیبنو تەیمییە کە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەکات، دەڵێ: موباهەلە کاتێک بوو، کە شاندی نەجران پاش فەتحی مەککە ساڵی نۆ، یان دە بوو، کاتێک پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەفاتی کرد، حوسەین حەوت ساڵی تەواو نەکردبوو، دیارە حەسەنیش نزیکەی ساڵێک لەو گەورەترە[1].

جیاوازی سوبحانی لەگەڵ ئەو زانایانە ئەوەیە، کە ئەو پابەندە بەو بنەمایەی، کە بۆ تێگەشتنی قورئان داینراوە، کە یەک لەوانە پشت نەبەستن بە ڕیوایات بۆ فەهم کردنی قورئان.

دووەم: فەرموودەی سێ داواکەی ئەبوسوفیان.

فەرموودەکە پێشەوا موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە، کە ئەبوسوفیان داوای سێ شتی لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کرد یەک لەوانە: (أم حبيبة)ی کچم مارەکە[2].

مامۆستا ناصر بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ: (أم حبيبة) کەی هاوسەرگیری کردووە و ئەبوسوفیان کەی موسوڵمان بووە! تادوای ئیمامی نەوەوی

---

(١) منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية: تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن عبد الله بن أبي القاسم بن محمد ابن تيمية الحراني الحنبلي الدمشقي (ت٧٢٨هـ)المحقق: محمد رشاد سالم، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الطبعة الأولى، ١٤٠٦ هـ/ ١٩٨٦م: (٥/ ٤٥).

(٢) صحيح مسلم (٤/ ١٩٤٥).

ناچار بێ و تەئویلی بکات و بڵێ: ئەمە نوێکردنەوەی نیکاحە، یەکەم: نوێکردنەوەی نیکاح لەو کاتە نەبووە، دووەم: ئەمە کەی شانازییە[١].

لێرەدا سوبحانی بۆ وەرنەگرتنی ئەم فەرموودەیەی موسلیم پشت بەو ڕاستیە مێژوویییە متەواتیرە دەبەستێ، کە (أم حبیبة) کە ناوی (رملة) کچی (أبو سفیان)ە و، کاتێ لە حەبەشە بوو پێغەمبەر مارەی کرد[٢].

بێگومان سوبحانی لەم بۆچونە تەنها نیە، پێش ئەو، دەستەیەك لە زانایان ئەم فەرموودەیان ڕەتکردووەتەوە بە هەمان هۆکار.

ئیبنول قەیم دەڵێ: ئەم فەرموودەیە شاراوە نیە، کە هەڵەیە[٣]. هەروەها ئیبنو حەزم دەڵێ: ئەم فەرمودەیە درۆیەکی ڕووتە، چونکە هاوسەرگیری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ (أم حبيبة) لە حەبەشە بوو، کە وەک پەنابەری لەوێ بوو[٤].

ئیبنول جەوزی دەڵێ: لەم فەرموودەیە لە لایەن هەندێك (راوی) هەڵە کراوە بێ گومان و دوو دڵی[٥].

---

(١) أصول الفقه: ل٢٠.

(٢) بڕوانە: زاد المعاد في هدي خير العباد: محمد بن أبي بكر بن أيوب بن سعد شمس الدين ابن قيم الجوزية (ت٧٥١هـ)مؤسسة الرسالة، بيروت، مكتبة المنار الإسلامية،الكويت،الطبعة السابعة والعشرون, ١٤١٥هـ /١٩٩٤م: (١/١٠٦).

(٣) زاد المعاد: (١/ ١٠٦).

(٤) الأحكام في أصول الأحكام: علي بن أحمد بن سعيد بن حزم الأندلسي الظاهري (ت ٤٥٦ هـ) المحقق: أحمد شاكار، دار الآفاق الجديدة، بيروت، (٢٣/٦).

(٥) كشف المشكل من حديث الصحيحين: جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي (ت٥٩٧هـ) المحقق: علي حسين البواب، دار الوطن،

٣- بەگژاچوونی عەقڵ.

سوبحانی فەرموودەی چوار رووبارەکە، کە لە (سدرة المنتهى) وە دەردە چێ: نیل و فورات کە دێنە زەوی و دوو رووباری تر کە دەچنەوە بەهەشت[١] وەرناگرێ و ڕەخنە لەو تەئویلەش دەگرێت کە دەوترێ: ڕیشەی درەختەکە لە زەویدایە[٢] و دەڵێ: باشە تەوجیهی (نیل و فورات) کەت کرد، ئەی ئەو دوانەکەی تر چۆن ئەڕۆنەوە بەهەشت کە لە ئاسمانی شەشەمدایە؟![٣]

٤- پێچەوانەی لەگەڵ سیاقدا.

لێرەدا ئاماژە بە دوو نمونە دەکەین:

یەکەم: ئەو گێڕدراوانەی، کە وشەی (أهل البيت) بەیان دەکەن بە (عەلی و فاتیمە و حەسەن و حوسەین) ڕەتدەکاتەوە بەوەی پێش و پاشی ئەو وشەیە ئەوە دەسەلمێنن، کە تایبەتە بە خێزانەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

دەربارەی ئایەتی:

﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا﴾.[٤]

الرياض: (٢/ ٤٦٣).

(١) بڕوانە: صحيح البخاري (٤/١١٠).

(٢) شرح النووي على مسلم (٣/ ٢).

(٣) أصول الفقه: ل٢٠. ٢١.

(٤) سورەی (الأحزاب)٣٣.

دەڵێ: ئەم ڕستەیە تایبەتە بە خێزانەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وغەیری ئەوان ناگرێتەوە، مەگەر بە قیاس لەسەر وان. چونکە سیاقی ئایەتەکان لە گەیاندنی ئەمە لە ڕۆژ ڕوونترە، نازانم چۆن ڕاڤەکاران لەگەڵ ئەمە ڕێگەیان بەخۆیان داوە بڵێن: مەبەست لەم ئایەتە فاتیمە و حەسەن وحوسەینە، لە ڕاستیدا ئەمە بێ ئەدەبیە، ئەهلی پیاو خێزانەکەیەتی.. ئەهل و بەیتی پێغەمبەری خودا ئەو کەسەیە، کە شەو لەگەڵی دەمێنێتەوە، کە خێزانەکانێتی.

بە داخەوە دوو ڕیوایەت لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە بەم جۆرە: پرسیاریان لێ کرد ئایا خێزانەکانی لە خانەوادەی ئەون؟ دەفەرموو: ئەوان لە ئەهل و بەیت نین، ئەوی تریان پێچەوانەیە: خێزانەکانی لە ئەهل و بەیتی ئەون..[1] هەردوو ڕیوایەتەکە ڕەتکراوەن بە هۆی دژ بەیەکبونیان و پێچەوانەیان لەگەڵ ئەو ئایەتە، بەڵام بابەتی ئەهلی عەباکە، کە عەلی و فاتیمە و حەسەن وحوسەین هاتن و پێغەمبەر خستنیە ژێر عەباکەی ڕاست نیە و هەڵبەستراو، ئەو ئایاتانە بەدرۆی دەخەنەوە[2].

بێگومان فەرموودەی عەباکە موسلیم[3] و ترمزی[4] و غەیری ئەوان ڕیوایەتیان کردووە، ئیبنو تەیمیەش بە دروستی داناوە و، هەوڵی

---

(١) بڕوانە: صحيح مسلم (١٨٧٣/٤) صحيح مسلم (١٨٧٤/٤).

(٢) تفسير سورة الاحزاب: ٢٣.

(٣) صحيح مسلم (١٨٨٣/٤).

(٤) سنن الترمذي: محمد بن عيسى بن سورة بن موسى بن الضحاك، الترمذي، أبو عيسى (ت٢٧٩هـ).
المحقق: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي، بيروت، سنة ١٩٩٨م: (٥/ ٢٠٤).

گونجاندنی دەدا[١] بەڵام سوبحانی قوبوڵی ناکات، چونکە بە بۆچونی ئەو لەگەڵ بونیاد وپێکهاتەی ئەو ئایەتانە یەکناگرێتەوە.

دووەم: کاتێك لە بابەتی پێشنوێژی فاسق ئەو فەرموودەیەی موسلیم دەهێنێت:

(يَؤُمُّ الْقَوْمَ أَقْرَؤُهُمْ لِكِتَابِ اللهِ، وَأَقْدَمُهُمْ قِرَاءَةً، فَإِنْ كَانَتْ قِرَاءَتُهُمْ سَوَاءً، فَلْيَؤُمَّهُمْ أَقْدَمُهُمْ هِجْرَةً، فَإِنْ كَانُوا فِي الْهِجْرَةِ سَوَاءً، فَلْيَؤُمَّهُمْ أَكْبَرُهُمْ سِنًّا، وَلَا تَؤُمَّنَّ الرَّجُلَ فِي أَهْلِهِ، وَلَا فِي سُلْطَانِهِ، وَلَا تَجْلِسْ عَلَى تَكْرِمَتِهِ فِي بَيْتِهِ إِلَّا أَنْ يَأْذَنَ لَكَ، أَوْ بِإِذْنِهِ) لە پەراوێزی پەڕاوی (أحكام شرعيه) دەڵێ: لێت ناشارمەوە سیاقی فەرموودەکە و هەندێ ڕستەی وام لێدەکات، گومان بکەم لەوەی ئەم فەرموودەیە لە پێغەمبەری خودا دەرچوو بێ[٢].

٥- نەسخ نەبوونی قورئان بە سوونەت.

سوبحانی ئەو فەرموودەیەی، کە دەڵێ: (لا وصية لوارث)[٣] ڕەتدەکاتەوەو ڕەخنەش دەگرێ لەو وتەیەی، کە دەڵێ: گەر فەرمودەیەك - با سەنەدیشی لاواز بێ - لەلایەن ئومەمتەوە قبوڵ کرا کاری پێ دەکرێ[٤].

---

(١) مختصر منهاج السنة (ص٢٣٤).

(٢) أحكام شرعية وجملة فتاوى: ل٣٩.

(٣) سنن الترمذي: (٣/ ٥٠٤).

(٤) الاستذكار: أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (ت٦٣هـ) تحقيق: سالم محمد عطا، محمد علي معوض، دار

دەڵێ: جا خۆشیان زانیویانە، کە ئەم فەرموودەیە لاوازە، لە بەر ئەمە بەشتی تر داپۆشراوە (تلقته الامة بالقبول) ئەمما ئەمە دووەم، ئەمە لە سەر چ ئەساسێك دانراوە، دوایش ئەمە ئیدعایە، مەگەر ئیجماعێك بووە لە سەر ئەمە؟ جا کۆبونەوەیەك بووە؟ چۆن بووە؟ ئەگەر هەموو ئەندامان یەکڕابن، جیاوازە لەوەی هەمویان کۆببنەوە لە سەر شتێك، تازە ئەوەی جێی لێکۆڵینەوەیە، ئایا سوونەت قورئان نەسخ ئەکاتەوە؟[١]

بێگومان پێش سوبحانی، شافعی وحەنبەلییەکانیش دەڵێن: قورئان بەسوننەت نەسخ نابێ[٢].

سوبحانی دەیەوێ بڵێ: وەسیەت بۆ میراتگر دروستە بە پێچەوانەی ئیجماعی گشت زانایان وەك ئیبنو عەبدول بەڕ گواستویەتیەوە[٣].

نمونەش بە دوو برا دێنێتەوە، کە یەکێکیان منداڵی زۆری هەبێ و ئەوتریان هێشتا ژنی نەهێنا بێ[٤].

الكتب العلمية، بيروت،الطبعة الأولى، ١٤٢١/٢٠٠٠:(٧/ ٢٦٥).

(١) أصول الفقه: ل٤٩.

(٢) العدة في أصول الفقه: القاضي أبو يعلى ، محمد بن الحسين بن محمد بن خلف ابن الفراء (ت٤٥٨هـ) تحقيق: د أحمد بن علي بن سير المباركي، بدون ناشر، الطبعة الثانية ١٤١٠ هـ/١٩٩٠م: (٣/ ٧٨٨).

(٣) بڕوانە: الاستذكار (٧/ ٢٦٥).

(٤) أصول الفقه: ل٥٠.

هەر چەندە بۆچونی پێشتری سوبحای هاوڕایە لەگەڵ زانایان و، دەڵێ: وتمان ئەم سێ ئایەتە کاتێك نازڵ بوون، کە ئەم ئایەتانەی ئیرس نازڵ نەبوو بوون و، ئیتر دیاری نەکرا بوو، کە دایك و باوك و نزیکەکانی ئینسان، یەکی چەنێك ئیرسیان هەیە،بۆیە دەبێت ساحێب دارایی خۆی وەسیەت بکات، بەڵام لە دواییدا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون، کە هەر کەسێ وارسە، خوا حەقی بۆ دیاریکردووە، دەر نەتیجە ئیتر لەم بەشانەدا ئەوانەی کە حەقیان بۆ دیاری کراوە و لە دوای مەرگی ساحێب مالّەکە بەبێ ئەوەی کەسێك بتوانێ بیگۆڕێ سەهمی خۆیان دەبەن، وەسیەت بۆ ئەمانە پێویست نیە و تەنانەت ئەگەر وەسیەت موخالیفی ئەوەش بکرێت قبوڵ نیە[1].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە سوبحانی پێی وایە ئایەتەکانی میرات ئایەتی وەسیەتی نەسخ کردووەتەوە، کە ئەمە بۆچونی کۆنێتی بۆ چونی تازەی ئەوە بوو، کە باسمان کرد.

بە بڕوای من مامۆستا بابا عەلی باشتر لە سوبحانی ڕاڤەی ئایەتی وسیەتی کردووە، کە پێی وایە مەبەست لەو ئایەتە ئەوەیە، کە کەسێ لە سەرەمەرگا بێت و سامانێکی زۆری بە جێ هێشتبێ، واجبە وەسیەت بۆ (الوالدین) دایك وباوکی و بۆ (الاقربین) خوشك و برا و خێزان و منداڵەکانی، کە ئەم بڕە سامانە تایبەتە بە فلانە کەس، ئازدە چ کەسێك دیاری دەکات، بەدەر لەوەی لە میراتگران بێ، یان لە دەرەوەی ئەوان، کە ئایەتەکە کەسی سود پێگەیەنراوی دیاری نەکردووە.

---

(١) سیستەمی ئابوری لە ئیسلامدا:٣٢٢.

لێرەدا بابا عەلی بەڵگە بۆ ئەم بۆچونەی دەهێنێتەوە و دەڵێ: ڕاڤەکاران پیتی (ل) میان بە (ل) می (الاجل) - لە بەر ئەو بەسودی ئەو - ئەگەر وشەی (الوصية) بەو کرا بە موتەعەدی، واتە ئەوەی (ل) مەکەی چوەتە سەر، کە بریتیە لەو شەخسەی، کە سامانە وەسیەت پێکراوەکەی وەرگرتووە، بەڵام تەنها ئەو مانایە نابەخشێ بۆ ناکرێ (ل) مەکە بە مانا (الی) بێت کە لامی (نەحوو)زانەکان سەلمێنراوە؟.

ئەو کات ئەوەی (ل) مەکەی چوەتەسەر (وصی) یە، یا بۆ ناکرێ (ل) مەکە بۆ بەهێزکردن بێت وەك (شَكَرَهُ وَ شَكَرَ لَهُ)؟.. جا مادام (موصی بە) (المعروف)ە، گرنگ نیە کەسانی سود پێگەیەنراو (الموصی لاجلهم) دیاری بکرێن و وەسیەتکار بۆی هەیە بڕێك لە سامانەکەی تەرخان بکات بۆ کەسێ، کە خۆی بە شیاوی دەزانێ، جا لە میراتگران بێ، یان بێبەشکراوان، یان لە خزم و هەتیو و هەژاران، یان لە کردەوەی خێر[1].

بەڵام پێم وایە بۆچونە کۆنەکەی سوبحانی، کە پێی وایە وەسیەت بۆ میراتگر ناکرێت دروستر لە بۆچونە نوێیەکەی، لەو ئەنجامەی کە مامۆستا بابا عەلی پێی گەیشتووە، کە کەمو کوڕی لێکدانەوەکەی لە مەدایە، چونکە گەر بڵێن میراتگر وەسیەتی بۆ دەکرێت، ئەوە فەلسەفەی وەسیەت لە ناوەڕۆکی بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە فەلسەفەی وەسیەت و تەنانەت میراتیش بریتیە لە خولقاندنی هاوسەنگی و ڕێگرتن لە قۆرخ بوونی سامان لە دەستی کەسێك، یان چەند کەسێکی

---

(١) فقه المواريث في القران الكريم ـ رؤية جديدة ـ بابا علي الشيخ عمر، مطبعة التفسير، أربيل، الطبعة الاولى، سنة٢٠٠٤م:١٢٦.

دیار یکراو، کە بە زاراوەی ئابوری پێی دەوترێ: (إعادة توزيع الثروة) واتە: سەر لە نۆی دابەشکردنەوەی سامان و داهات.

کە سوبحانی لە بۆچونە کۆنەکەی پەی بەو ڕاستیە بردووە و دەڵێ: باشە دەی کاتێ ئیتر ئیرسیان بۆ دابین کرابێت، وسیەت چ مەوردێکی هەیە،ئیتر وەسیەت دەردی چی دەخوات؟! ئەم وسیەت بکات موافقی ئەمە فایدەی نیە، چونکە هەر دەیبەن، پێچەوانەی ئەمە بێت وەسیەتەکە قبوڵ نیە، ئەوە کاتێ ئەو وەسیەتە دەردەخوات کە مەسەلەن باوکە، یان کوڕەکە، یان برا، ئەمانە بردیان هەندێك لەمانە، کە کەمێك دوور ترن ئیتر نابەن، کە وا بوو وسیەت بۆ ئەوانەیان بکات کە بێ بەش دەبن..[1].

٦- سازگار نەبوونی لەگەڵ کۆی سیستەمە قورئانیەکە:

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە دوو نمونە دەکەم:

یەکەم: تێڕوانینی سوبحانی بۆ بابەتی هۆکارەکانی دابەزینی قورئان (أسباب نزول القرآن) ئەو ڕیوایەتانەی، کە لەم بارەوە هاتوون، کە بەڕاستی لێرە قسەی جدی و داهێنانی گەورەی کردووە، دەکرێت بکرێتە بابەتی تویژینەوەیەکی سەربەخۆ.

پوختەی بۆچونەکەی بەم جۆرەیە: باوەڕی وایە، دەبێ هەر ئایەتێك، یا چەند ئایەتێك، دەبێ هۆکاری دابەزینی هەبێت، بەڵام نەك بەو مانایەی لە توراسی ئیسلامی بوونی هەیە، بریتی نیە لە قسە، یان

---

(١) سیستەمی ئابوری لە ئیسلامدا:٣٢٣.

هەڵوێستی کەسێك، یان بڕێ ڕوداوی جوزئی، پاش کۆپلەیەك ئایەت هاتبێ، بەڵکو بریتیە لە: کۆی ئامادەیی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئەو ساتەوەختەی تێدا دەژین، چ لە سەر ئاستی تاکە کەس یا کۆمەڵگا.

بوونی ئەم ئایەتانە لە موسحەفدا وەك جاری یەکەمێتی لە (لوح المحفوظ)دا، کە لەو کاتەدا جوبرەئیل بە پێی هەلو مەرجی ئەو سەردەمە دای دەبەزاند، ئەمجارە دەبێ بانگخواز بە وردبینی لە پێویستی دەروونی و کۆمەڵایەتی واقعی خۆی دووبارە ئایەتەکان دابەزێنێتەوە، خۆ گەر لە بەر ڕەچاو کردنی ئەم بارودۆخە نەبوایە، پێوست نەبوو قورئان جیا جیا لەم ماوە دورو درێژە دابەزیبا، بەڵکو بەیەکجار دەهات[1].

سوبحانی پێی وایە قورئان سیستەمێکی کاملە و کەتەلۆکی فەهم کردنی ئایەتەکانی لە هەناویدا چێنراوە، بەهیچ جۆرێ نیازمان بە دەرچوون نیە بۆ دەرەوەی سنوری قورئان، لێرەوە بایەخی ئەو ڕیوایەتانەی، کە سەبارەت بە دابەزینی قورئان هاتوون بۆ دەردەکەوێ، کە لای سوبحانی چەندە و بۆچی قبوڵیان ناکات؟.

جگە لەمە پاساوێکی تر دێنێ ئەویش غیابی ئەو ڕیوایەتانە لە سەردەمی بانگەوازی مەککە کە زۆرترین ئایەتی تێدا دابەزیووە.

دەڵێ: وەك دیارە ئەو فەرموودانە لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەت کراوون زۆربەیان هی عەهدی (سەردەم) مەدینەن و هی ئەحکامن، پەیوەندیان بە دەورانی (دەعوەتی) فەردیەوە نیە[2].

---

(١) بڕوانە: بانگەواز و قۆناغەکانی: ١٧١. ١٧٢، اصول الفقة: ٢٩. ٣٠.

(٢) بانگەواز وقۆناغەکانی: ١٠٤.

لە ڕاستیدا من نازانم ئەم بیرۆکە قوڵەی سوبحانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا زادەی بیرکردنەوەی خۆیەتی، یان خود بەشێکی، یان گشتی هی کەسانی تر، ئەم گوزارشتی لێ دەکات، بەداخەوە ئەمە یەک لەو ڕەخنانەیە، کە لە زۆر جار ڕووبەروی ئەم کەڵەپیاوە دەبێتەوە.

دووەم: بۆچونی سوبحانی سەبارەت بە شەوی قەدر و ئەو ڕیوایەتانەی دەربارەی تایبەتمەندی وخێری زیندوو کردنەوەی ئەو شەوە هاتووە.

بێگومان سوبحانی بە پشت بەستن بە سیستەمە قورئانیەکە، بڕوای وایە شەوی قەدر یەک شەو بوو کۆتایی هاتووە و دووبارە نابێتەوە، ئەوەی سالانە دەکرێت یادی ئەو شەوەیە، نەک خودی شەوەکە وەک چۆن یادی (مولود) و یاد (شەوڕەوی) دەکرێتەوە، هەموو ئەو ڕیوایەتانەی لە بارەوە هاتوون و تایبەتمەندی شەوی قەدر بۆ یادەکانی دەچەسپێنی ڕەتدەکاتەوە و، دان بەوەدا دەنێ، کە بەر لە ئەو - جگە لە سەید قوتب[1] نەبێ - ئەم ڕاستییەی دەرک نەکردووە.

سوبحانی دەڵێ: بەم شێوە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە وەک (لیلة القدر) بریتیە لە شەوێک، وا سەرەتای هاتنەخوارەوەی قورئان بووە بەتەدریجی، مەلائیکەو ڕوح لەوشەوەدا بەواتای ئەوە دێت، کە لەو شەوە تایبەتەدا

---

(١) هەر چەندە بۆچونەکەی سەید بەم وردەکارییەی سوبحانی نیە، بەڵام ئاماژەیەکی وای کردووە، کە سوبحانی بۆچونی خۆی لە سەر بنیات بنێ، سەید پێی وایە شەوی قەدر کەرنەڤاڵ (مهرجان) و یادەوەری (ذکری)یە. في ظلال القرآن: سيد قطب إبراهيم حسين الشاربي (ت١٣٨٥هـ) دار الشروق، بيروت/ القاهرة. الطبعة السابعة عشر،١٤١٢هـ:(٦/ ٣٩٤٦٣٩٤٥).

ئەم کارە ڕوویداوە. و (مِنْ كُلِّ أَمْرٍ) یەعنی ئەمری هیدایەتی بەشەر و (سلام) یەعنی ڕزگاری لەوەی وا ئینسان لە ئەنجامی بێ بەشبوونی لە ئەمری تەشریعی خوا تووشی ئەبێت. بەتەوەجوە بە مانە مەسئەلەیەکی گرنگ دەرك ئەکەین، ئەویش ئەوەیە، کە (لیلة القدر) یەکجار بووە و تەواو، دوای ئەوە هەر ساڵێك یادکردنەوەی ئەو شەوەیە نەك دووبارە بوونەوەی (لیلة القدر)، تا ئەو شوێنەی، کە من ئاگادارم لە لای تەواوی زانایان، جگە لە سەید (لیلة القدر) ئاوا وێنا کراوە، کە ئا ئەم شەوە بەو تایبەتمەندیانەوە هەموو ساڵێك هەیە. لە حاڵێکدا (لیلة القدر) شەوێك بوو تەواو بووە، وەك بۆ نمونە ئەوترێ: شەوی مەولود، شەوی میعراج بە واتای ئەوە نیە، کە میعراج، یان مەولود تیایدا ڕوو ئەدات.. یەعنی یادکردنەوەی ئەو شەوەیە، نەك ئاوا شەوێکی تر بێت، کە تیایدا (خیر من الف شهر) بێت، یا مەلائیکە و ڕوح تیایدا بێنەخوارەوە[1].

پاشان سەبارەت بەو ڕیوایەتانەی، کە هاتوون دەڵێ: ئەو ڕیوایەتانە، ئەگەر هیچ ئیشکاڵێکیان لە هیچ لایەکەوە تێدا نەبێت نهایەتی ئەوەی کە ئەسەلمێنێ ئەوەیە، کە پێغەمبەری خوا لە بیری چووەتەوە کەی سەرەتای هاتنە خوارەوەی قورئان بووە، لەو سەرەتاوە، کە ڕوداوەکە ڕوویدا، لەوانەیە بیری بەلای ئەمەوە نە بوو بێت، کە ئەم شەوە دیاری بکات، چ شەوێك بوو، ئیتر دوایی کاتێك لە مەدینەدا ئەحکامە جوزئیەکان تەشریع کراون وحوکمی بیرکردنەوەی ئەو شەویشە

---

(١) تەفسیری سورەی (القدر) ل ٢٨. ٢٩.

دامەزراوە، زەمانێکی زۆر تێپەڕیبوە و لە بیری نەماوە کام شەوە بووە بەڵام ئەوەندەی لە بیر بووە کە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانە[1].

وصلى الله وسلم و بارك على سيدنا محمد
(صلى الله عليه وسلم) و على آله وأصحابه أجمعين

سبحانك اللهم و بحمدك اشهد ان لا إله الا انت
أستغفرك و أتوب اليك

---

(١) تەفسیری سورەی (القدر) ل ٢٩.

پوختەی توێژینەوەکە

دەتوانین لە چەند خاڵێکدا بە کورتی ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوە بخەینە ڕوو:

١- سوبحانی نوێکاری گەورەی لە بواری زانستە شەرعیەکان بەگشتی و زانستی فەرموودە بە تایبەتی کردووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بەشێك لەو نوێکاریانە و توێژینەوەی زیاتریش هەڵدەگرێت.

٢- لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت، کە سوبحانی بۆ گشت هەڵوێست و بیرکردنەوەکانی لە گشت کایەکانی ژیان و بە تایبەت لە فەرمودە و زانستەکانیدا، سەرچاوەی سەرەکی قورئانە.

٣- سوبحانی گومان لە گشت فەرموودەیەك دەکات وپێی وایە نابێ بکرێتە بەڵگە، تا بگەڕێنرێتەوە بۆ قورئان، هەرگیز قورئان بۆ تێگەشتنی، پێویستی بە هیچ شتێکی تر نیە لە دەرەوەی خۆی، چونکە قورئان سیستەمێکی کامڵ و یەکتر تەواو کەرە.

٤- بۆ تێگەیشتنی بنەماکانی فەرموودە، هەوڵێکی گەورەی داوە، کە قورئان بکاتە پێوەر و تەرازوو، لە ئەنجامدا گەیشتۆتە زۆرێك لەو چەمکانەی بە پێوەری قورئان ڕاستکردووەتەوە، وەك (زەبت و عەدالەت و عیسمەت ...).

٥- جیاوازی سوبحانی لە گەڵ زۆرێك لە زانایانی ئەوەیە کاتێك، کە لە رێی قورئانەوە دڵنیا دەبێ لە دروستی، یا نادروستی چەمکێك پابەند دەبێ پێیەوە و ئامادە نیە بۆ هیچ هۆکار و پاساوێك دەستبەرداری ببێ، بۆیە لەو پێناوەدا زۆرێك لەو بنەمایانەی، کە زانایان لە سەری کۆکن و گەلێك لە فەرموودە دروستەکانی قبوڵ نەکردووە.

ناوەڕۆک

پێشەکی تۆێژینەوە.....٥
قورئان سەنتەری خوێندنەوەی سوبحانی.....٨
لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ سێ چەمکی (آیات - کتاب - حکمة).....١٣
سوبحانی پێی وایە قورئان لە سێ تەوەر و چەمك پێکهاتووە:.....١٣
گشت حوکمەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ لە قورئاندایە.....١٦
یەکەم: کۆمەڵە بابەتێکە.....١٦
دووەم: ئەحکامە جوزئیەکان و بنەما گشتیەکان.....١٧
چەمکی حیکمەت لای سوبحانی.....٢٠
جۆرەکانی حیکمەت لای سوبحانی.....٢٢
یەکەم: جۆرەکانی حیکمەت لە ڕووی ماهیتەوە:.....٢٢
دووەم: حیکمەت لە ڕووی جێگیری و ناجێگیرییەوە.....٢٣
جیاوازی حیکمەت و سوننەت و سیرەت لای سوبحانی.....٣٢
پەیوەندی قورئان و سوننەت و سیرەت لای سوبحانی.....٣٤
پێگەی سوننەت لای سوبحانی.....٣٧
مەقاماتی عیسمەت و پێغەمبەر لای سوبحانی.....٣٩
یاساکانی پەیوەست بە (ڕاوی) لای سوبحانی.....٤٣
١- پێناسە و عەدالەتی سەحابە لای سوبحانی:.....٤٤

٢- پێناسە سەحابە لای سوبحانی:.....٤٤
بەڵگەی یەکەم: لە ڕووی دەرونی وپەروەردەییەوە.....٤٥
بەڵگەی دووەم: لە ڕووی زمانەوانەیەوە.....٤٦
بەڵگەی سێیەم: لە ڕووی مەنتیقی واقیعیەوە.....٤٧
٣- عەدالەتی سەحابە لای سوبحانی.....٤٨
٤- پێوەری عەدالەتی سەحابە لای سوبحانی.....٥٢
٥- زەبتی فەرموودە (الضبط) و قۆناغەکانی لای سوبحانی.....٥٣
٦- سەحیحی بوخاری وموسلیم لای سوبحانی. ٥٥
یاساکانی پەیوەست بە دەقی فەرموودە (المروی) لای سوبحانی.....٥٨
تەتبیقی فەرموودەکان لەسەر بنەماکەی سوبحانی.....٦٤
١- فەرموودەکانی پەیوەست بە نویشتە.....٦٤
٢- فەرموودەکانی وێنە و پەیکەر.....٦٨
٣- فەرموودەکانی پێشنوێژی فاسق.....٧٤
هۆکارەکانی وەرنەگرتنی هەندێک فەرموودە لای سوبحانی ٧٧
١- دژایەتی قورئان:.....٧٧
٢- بەگژاچونی ڕاستیە میژوییەکان:.....٧٨
٣- بەگژاچوونی عەقڵ.....٨١
٤- پێچەوانەی لەگەڵ سیاقدا.....٨١
٥- نەسخ نەبوونی قورئان بە سوونەت.....٨٣
٦- سازگار نەبوونی لەگەڵ کۆی سیستەمە قورئانیەکە:.....٨٧
پوختەی توێژینەوەکە.....٩٢
ناوەڕۆک.....٩٥

هەر خوێنەرێکی بە وێژدان چاوی خشاندبێ بە بەرهەمەکانی (سوبحانی) دا یاخود گوێبیستی کاسێتەکانی بووبێ، ئەو ڕاستیەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو زانا هەڵکەوتووە چ ڕۆڵێکی گەورەی دیوە لە نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی و سەرجەم زانستە ئیسلامییەکاندا، لێکۆڵینەوەی بیر و بۆچوونە تازەکانی ئەوەندە قوڵن کە (بە بۆچوونی من) پێویستمان بە چارەکە سەدەیەکە تا بە ووردی لێی تێبگەین، پاشان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، هەوڵێکی لەم جۆرە پێویستی بە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە هەیە تا ئەرکی (کۆکردنەوە، جیاکردنەوە، لێکۆڵینەوە) لە بەرهەمە یەکجار زۆرەکانی (ناسری سوبحانی)دا لە ئەستۆ بگرێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی بەشێك لە(نویکاری لە زانستی فەرمودە) لە دیدی مامۆستا (ناسری سوبحانی)دا. بێگومان ئەم بابەتە توێژینەوەی زیاترێش هەڵدەگرێت تەنها ئەوەندە بەس نیە.

نوسینگەی تەفسیر

بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

COVER DESIGN